# هونەری ژیانکردن و نمایشکردن لەشانۆدا

(دوو توێژینەوەی شانۆیی)

ڕێباز محەمەد جەزا

## لەبری پێشەکی:

زۆربەی هەرە زۆری تیۆرەکانی (شانۆ) دەربارەی (نمایش) تیڕوانینیان هەیە کە بوونی وەرگر دەکەنەپێویستی بۆبینینی نمایشی شانۆیی هەروەها گرنگە جەماوەری ئامادەبووش بخوێندرێنەوە لە دووڕوانگەوە:

لەڕووی ئەوەی نمایش بۆکێ؟ لەڕووەکەی تر ئاستی رۆشنبیری و پێویستیەکانی بینەران لەنمایشدا چۆنن؟ !! ئەوزانیاریانە هاوکاریمان دەکەن بۆگونجاندن و ڕێکەوتن لەسەر شێوازی بینینی شانۆییانە و جۆری وەرگرەکانمان بۆدەست نیشان دەکەن و تێدەگەین چۆن خوێندنەوە بۆکات و شوێن و کاریگەریە جیاوازەکان و پاڵنەرەکانی نمایش بکەین و زانیاری لەسەر بۆچوون و ڕووداوەکان پەیدا بکەین کەئەویش لەڕێی زمان و ڕەفتارو پاڵنەرەکانەوە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و گەرمکردنی ڕووداوەکان لەنمایشدا بەتەواوی دەردەکەون. لەگەڵ ئەوەشدا زانیاری و مەعریفەی بینەران و ناسینی نووسەران و ڕخنەگران دەربارەی بەرهەمەکەش لەخۆیدا گرنگەو زۆرلە تیۆرسێنەکانی بواری شانۆ وەکو (الاردایس نیکۆڵ) دەڵێت: «دەربڕینن لەو بیرانەی کە پەیوەستن بە ژیانەوە..» دواتر شارەزایی زمان و کەسێتی و دیالۆگ و روئیاو....ئەوانی تر وەکو جۆرێک لە پێشمەرجیان لێدێت بۆ هاوڵاتیانی بینەران. کەواتە بۆمان دەردەکەوێت بووونی مەعریفەو پێشینەی رۆشنبیری لە گرنگترینی ئەو شتانەدەبن کەکاریگەردەبن لە سەر بینەرانی نمایشەشانۆییەکان ئەمە جگەلەوەی ناسینەوەی دەزگاکان و بکەرە شانۆییەکانیش و جۆری نمایشەکان کەچەندپێویستن بۆ ئەوەی تێگەیشتن دەربارەی شانۆدروست ببێت ئەگەرنا هەندێک لە نمایشە تێکەڵەکانی ولاتانی وەک خۆمان لەکوردستان هەر ئەو جۆرە بینەرەی دەوێت و هەریەک جۆر نمایشکارو دەرهێنەرو نووسەر و بینەر پێشکەش دەکات و بەمەش هیچ پێشکەوتنێک لە بوارەکەدا دروست نابێت و بگرە لە پاشەکشەیەکی بەردەوام و شکستی گەورەدادەبین لەبەرامبەر شانۆیەکی ڕاستەقینەدا کە لە ئێستای جیهاندا هەیەوکوردستانیش کەلەخەمی بوون و نەبوونی شانۆدا دەنگی لێوە نایەت.

ئەوەی لەم کتێبەی بەردەستی تۆی خوێنەری بەڕیزدایە، دوو تویژینەوەی مەنهەجی و زانستین و یەکێکن لە پێویستیەکانی هەنوکە بۆئەوەی شانۆکەمان پێش بخەین وهەوڵێکی بەندەیە لەبەکارهێنانی میتۆدی ڕەخنەیی و تویژینەوەی زانستی لەبواری شانۆدا بەهیوام لەداهاتوودا بتوانین شانۆ لە خۆش و ناخۆش و باش و خراپەوە ببەین بۆئاستێکی باڵاتری قسەکردن دەربارەی بەرهەمەکان.

ڕێباز محەمەد جەزا
سلێمانی ٢٠١٨/٧/٨

# ستانسلاڤسکی لەنێوان
# هونەری [ژیانکردن و نمایشکردن]
# لە شانۆدا

نووسینی: مؤيد□مزه

ئامادەکردنی: ڕێباز محەمەد جەزا

تێبینی :

ئەم توێژینەوەیە لە ٢٠٠٨/٧/٢٠ دا، پێشکەشکراوە بە:

(زانکۆی ئوردن – عمان کۆلێژی هونەر ەجوانەکان / بەشی هونەری شانۆ لە ٢٠٠٩/٦/٢٢ دا، پەسەند کراوە )

پوختە:-

هونەری ژیانکردن داهێنراوی ستانسلاڤسکی نییە، بەڵکو ئەم هونەرە پێشتر هەبووەو ناسراوبووە، هەروەکو لەم توێژینەوەیەشماندا جەختی لێدەکەینەوە بەڵام چاکیەکەی بۆ ستانسلاڤسکی لەوەدایە بەدیاریکراوی کە بناغەکەی لەمیتۆدێکی دیاریکراوی فێرکاری ئەو هونەرەدایە، لە جیاوازیەکانی نێوان هونەری (ژیانکردن و نمایشکردن) ئەو بنەما ڕێکخراوو ڕوونانەن کە بۆ فێرکردن و بەکارهێنانی لە ئامادەکردنی ئەکتەردا پەیڕەو دەکرێن.

ئەوەی لەو دۆخەدا زانراوە لەدایکبوونی میتۆدی ژیانکردن لە پێر فۆرمانسی نواندندا، پەیوەستە بە ستانسلاڤسکیەوە کە لەئێستادا ئایکۆنێکی دیاری قوتابخانەی شانۆی واقعی ڕووسیەو پێشتر ڕەوایەتی نەدەدرا بەتیویریزەکردنی کردەی ئامادەکردنی ئەکتەر بەڵکو بە پشت بەستن بەژیانکردن لەسەربنەمای زانست و بەزیادکردنی ئەو خاڵە دیالەکتیکیەی دەربارەی ڕێبازی هونەری هەیە و لە پەیوەندیدایە بە ڕێبازی نمایشکردن یان پێشکەشکردن. ئەم مەعریفەیە خزمەتی ئەکتەر دەکات بەشێوەیەکی بناغەیی لەناسینی سنووری وزەی خۆی لەو تیۆرەدا و لە پێر فۆرمانسی ئەو قۆناغەی کە خۆی ئامادەکات بۆ ڕۆڵ بینین یان قۆناغی پێر فۆرمانس لەشانۆدا، بەشێوەیەکی گشتی و بەقۆستنەوەی دەرفەتی ئەو مەعریفەیە و کاریگەری و پەیوەندی بەتین لە نێوان شانۆو وەرگر و بەدوایدا خزمەتی ئامانجە باڵاکەی هونەر.

وشە دالەکان: (میتۆدی ژیانکردن، میتۆدی نمایشکردن یان پێشکەشکردن، برتۆڵد برێخت، ئامانجی بنەڕەتی).

کێشەی ئەم توێژینەوەیەو پێویستیەکانی: -

جەدەلێکی زۆر هەیە دەربارەی هونەری نواندن کە دابەشدەبێت بۆ دووقوتابخانەی سەرەکی « ژیانکردن و نمایشکردن «، مشتومرێکی زۆر هەیە دەربارەی شێوازی پێرفۆرمانسی نواندن و بەرجەستەکردنی کەسێتی لەسەرتەختەی شانۆ. ئایا رۆڵ لە ناوەوە بۆ دەرەوە دەبێت وەکو ناسراوە بە میتۆدی (ژیانکردن) یان بەرجەستەکردن لە presentation دەرەوە بۆناوەوە کەبەقوتابخانەی نمایشکردنیان پێشکەشکردن، بەتایبەتی ئەو دووقوتابخانەیە دەگەڕێنەوە بۆ ریشەیەک کە لەچەندین سەدەی مێژوویی شانۆی جیهانیەوە درێژ دەبنەوە. ئەم دۆزە نوێ نییە تەنها پەیوەستە بە ئامانجی بنەڕەتی شانۆوە، بەپێی پێویستی و پاراستنی تایبەتی هونەری شانۆیی بە ئاراستەی هونەرە درامیەکانی تر کەئەم دۆزە دروست دەکات و دەیگۆرێت بۆ خاڵێکی دیالەکتیکی وروژێنەر لە مێژووی سەدەی بیستەمدا و تاکوئێستاش لە پێناو گەیشتن بە شێوازێکی ئیدارەدانی کردەیی شانۆیی؛ بەردەوامە لەناوچەکەو لەسەر تەختەی شانۆ وە بۆ ناو ڕاڕەوەکان، بێگومان بەهۆی ئەکتەرەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ژیان لەهونەردا تێکەڵەیەکە لەنمایشکردنی دیمەن لەساتی ژیانکردنی حەقیقی و رۆڵی ئەکتەردا، هەتا ستانسلاڤسکی خۆی سوودی لە میتۆدی نمایش وەرگرتووەو هەندێک جار جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو بیرکردنەوەیە ڕەتناکاتەوە بەڵکو ئەو میتۆدە بەشێوەیەکی دابڕاوە کە بانگەشەی ژیانکردن دەکات. ستانسلاڤسکی لەم ڕووەوە لە ئەزموونی ئۆپەرێتی «لیلی « دا دەڵێت: « لەوانەیە ئەو کارەکتەرەی کە گەڕانی لەسەر دەکەیت لەهەمانکاتدا دەرەکی بێت. بەڵام هەندێکجار لەوانەیە دەرەوە لە ناو تۆدا بن، ئەمەش بێگومان باشترین نیە، بەڵام لانی کەم، لەوانەیە ڕێگایەکی شیاو بێت بۆ داهێنان و ئەو ڕێگایە یارمەتی دەرە لەبابەتە سنوردارەکانی ژیانی رۆڵ، وەکو پێشتریش لە نمایشی شانۆیی (السيد العملی ) بەرۆڵی فێرخواز(١). ئەوەی کردووە. هەرچەندە ستانسلاڤسکی ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە فکر لە خۆیدا قسەکردنە لەسەر ئەزموونی شانۆی درامی هەروەها دیاریکردنی لە شانۆی (ئۆتێلۆ) ی (وليام شكپير )دا: « تەواوکردنی سوودی نمایش وەکو ئەوەی ئێمە بۆ یەکەم جار تێدەگەین لە نرخی گرنگی و بایەخی رۆڵی کارەکتەر لە پاراستنی هۆکارەکانی نواندنداو زیان گەیاندن بیرم کردەوە، ڕێگای داهێنان لەڕێی کارەکتەری دەرەکیەوە و لەوێوە بۆشعووری ناوەکی. لەوەدا باشە کە کارەکتەر دێت و پێر فۆرمانسی خۆی دەکات(٢) لێرەدا و تاکو ئێستاش پێویستە ئەکتەر سنوری وزەی خۆی بزانێت و لە ڕوو ی هونەریەوە. ئەمە جگەلە مەودای کاریگەری لەسەر هونەرو جەماوەر، هەتا درککردن بە هەردوو میتۆدو لەنێوانیشیاندا بەشێوەیەکی ڕوون و بەهۆی پشت بەستن بە ستانسلاڤسکی لە م میتۆدەدا (ژیانکردن) و بەدیاریکراوی، باشکردنی بەو دەربڕینەی کە ڕێگایەکە زۆرتر تەندروستە بۆداهێنان. ئێمە لەم تو ێژینەوەیەدا پێی هەڵدەسین

## سنووری توێژینەوەکە:

زانینی مەودای کاریگەری پاڵنەرەکانی سەرکەوتنی ستانسلاڤسکی لە میتۆدۆلۆجیاو تیۆریزەکردنیدا، بەتەنها بەشێکی دەخەینە ڕوو لەم توێژینەوەیەدا بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. زانینی مەودای کاریگەری هونەری ژیانکردن لەسەر ئەکتەرو جەماوەر.

٢. ژیانکردن و کاریگەری لەسەر تایبەتمەندیی هونەری شانۆیی بەئاراستەی هونەرەدرامیەکانی تر « سینەماو تیڤی «.

٣. ژیانکردن ئامانجی بنەڕەتیە.

## میتۆدۆلۆجیای توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە پەیڕەوی لە میتۆدی (وەسفی –شیکاریی ) دەکات و پشت دەبەستیت بە شیکردنەوەی نووسینەکانی ستانسلاڤسکی خۆی دەربارەی میتۆدەکەی و بەوکتێبانەی بەشێوەیەکی گشتی وەرگێرانیان بۆکراوە.

## گرنگی و تێگەیشتن لە ژیانکردن لەناو سیستمەکەی ستانسلاڤسکیدا: -

لەدایکبوونی ئەو مەنزومەیەی ستانسلاڤسکی ناودەبرێت بە (system) زۆر خراپە بە سادەیی لێی بڕوانینە هونەری نواندن، بەڵکو بەوپەڕی ئازادیەوە بانگهێشتمان دکات بەرەو پێرفۆرمانسی ئاوەزی و دەربڕینگەرێتی پەیوەست بە یاسا هونەریەکان و هەڵەتێگەیشتنەکان لەم بیروباوەڕە، چونکە ستانسلاڤسکی دەڵێت: « ئازادی هونەرمەند لەوەدایە کەدەیکات، ئەوەیە کە وادەکات پچێتە ناو ئازادیەکانی تریشەوە « ٣ کە ئەوەش دەربڕینە لەوەی ئازادی داهێنان دامەزراوەیە بە و پاڵپشتیانەوە کە پەیوەستن بە یاساکانی ژیان و سروشتی ماددی و رۆحی مرۆڤەوە، ئەو گەڕانەوەیەش بۆ ڕیشە ڕێکخراوەییەکەی لەوێوە بۆ ڕیشە واقعی و باشەی هونەرمەند ی ئەم ئاراستەیە لە شانۆی جیهانی لەو سەردەمەدا و لە شانۆی مۆسکۆی هونەری.

زۆرترین پێگەی کتێبخانەکان جەخت لەوەدەکە نەوە کە ستانسلاڤسکی و مەنزوومەکەی جیگیرن لە ناو داهینەرەکانی وەکو: « یرمولوفا، شالیابن، روسی، سالڤینی، دوتسی و زۆری تریش». هەتا هونەرمەندی تراجیدی ئیتاڵی تساکونی کەسەردانی کردووە و لەپاریس نووسیویەتی ودەڵێت: «لەوجارەدا فێرت کردم، زۆر بەڕوونی و پێت وتم – جیاوازی حەقیقی و ساختە. جیاوازی لەجیاتی ژیانکردن و حیکایەت کردن، گێرانەوەی کاریکاتێریە. ئەوە حە قیقەتەکەیە! وە تێبینیم کرد و سەرنجی ئەو عەبقەریەمدا ڕێک وابوو شتێکی زۆرنا ئاسایی.. بەڵام ئەوەش بەلای منەوە ناوازە بوو، گەیاندمی

به تەکنیکێکی نایاب. کامەیە جیاوازیەکە؟ وەکو ئەو جیاکاریەی لەنێوان هەمیشەیی دا کە پێوانە ناکرێت بە بەو، ئەوەی لێرەدا ئاسانە و چاکە بۆزەمەنێک(٤) بەتوێژینەوەی ووردی ئەو بلیمەتانە لەهونەری نواندنداو لە زەمەنی خۆیاندا زۆرشت ڕوون دەبنەوە.

ستانسلاڤسکی تێبینی ئەوەی کردووە و گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە هۆکارە کۆنەکانی مەرجدار نەکردووە، بەڵکو ڕەتیکردوونەتەوە و بینەرانی تووشی واق ورمان کردووە  بە ژیانکردنی قووڵ و خۆڕسکانە، سەری سوڕماندوون بە سادەیی و مرۆڤایەتیەکەی.٥

زۆرجار ستانسلاڤسکی بۆ ریشەی ئەم باسە گەڕاوەتەوە بۆ شانۆی ڕووسی و مەنزوومەکەی و بەشێوەیەکی تایبەتی ئەوەی شانۆی ڕووسی پێگەیشتووە لە کۆتایی سەدەی ١٩ دا. جینالۆجیای هونەری شانۆیی کردەیەکی پەیوەستبوونی نێوان ستەیج و هۆڵی شانۆیە لەنێوان هونەرمەند و بینەردایە، لنێوان نامە نێرو وە رگردایە. ستانسلاڤسکی دەڵێت: «هەتا لەخۆمان تێبگەین، بەدوایدا لەهونەر تێبگەین و هەستین بە بە دامەزراوەیی کردنی کە مەبەستمان لە داهێنانمانە و ئاماژەکردن بۆ زەوی، سروشت، کەلوتکەی  سەرەوەی چڵەکانی درەختێکی نیشتمانە کە ئێمە لەناویدا نواندنی لق و گەڵاکانی دەکەین.. هونەرەکەمان بەرامەی شنەی زەوی   و  بایەکە لەکارە کانی هونەرمەندە ڕووسیەکاندا»(٦).

ستانسلاڤسکی ئەو کرۆکە ئەو لاسایگەرێتیە نیشتمانیەی کەشفکرد، کە بەو پێیە، ئەو دامەزراوەیە ئاراستەی هونەرێکە دیمەنسازیە، ئازاد لەڕوانگەی کەسییەوە  بۆ ئەکتەری قوتابخانە کۆنەکان  کە باوەڕیان وابووە شانۆ زۆرتر پێشکەوتووە کە دووربون لە یادەوەریەکانی ژیان.

لەهەوڵدان بۆ دیاریکردن و زیادکردنی رۆشنبیری شانۆیی لە شانۆی مۆسکۆ ی هونەری، (نیمیرۆڤیچ) نووسیویەتی – دانچینکۆ دەڵێت: «پێش سێ سەد ساڵ، پێنج سەد ساڵ پێش ئێستا وەهەتا هەزار ساڵ، تێگەیشتن لە نواندن بە جۆرێکی تر بووە. کۆششیان کردووە لە پاڵ لایەنە حەقیقیە مرۆڤایەتیە زیندووەکەیدا بن. جەستەی دیمەنی (الجاست)٧) دیمەنی  جوڵەیەک،  دەربڕینی دیمەن، دیمەنی مەشاعر ی مرۆیی – وە لەپێناو  دامەزراندنی شێوەیەکدایە کە هونەر بێت، هەتا لە سەدەکانی تردا بە  هونەری شانۆ یان داناوە. پچڕینی ئەو چنینە شانۆییە، پوخت مەشاعری نواندنی مرۆڤیی زیندووە، کە ئەوە سروشتیەتی(٨). وادادەنرا کە سەرهەڵدانی مەشاعری مرۆیی عەفەویە لە پێر فۆرمانسی ئەکتەردا، وە بەدرێژایی کات لە مێژووی شانۆدا – پێش ستانسلاڤسکی – دژ بووە لەگەڵ سروشتی هونەری دیمەنسازی و دەرەکی و چەشەی گشتی. بەڵام بەنیسبەت ستانسلاڤسکیەوە، هونەری دیمەنسازی لەوکاتەوە هەتاکو ئێستاش پیشەیە، لە باشتر ین دۆخەکاندا  نمایشکردن – پێشکەشکردن presentation و هەتا دەرچوونیش لەو قۆناغە مامەڵەکردنی ڕاستەقینە  لەگەڵ مەشاعری مرۆیی

ژیانکردنە . هەتا کو ببیتە هونەرمەند – ئەکتەر، بەتەنها ئەکتەریش نا بۆبەرجەستەکردن، بەڵکو بەکوشت نەدانی رۆحی زیندوێتی داهێنانت. بەڵام ئەم بانگەشەیە گێڕانەوەیەکی سروشتی نییە و هونەرمەند پێرفۆرمانسێکی حیکایی ناکات. بەڵکو بەپێچەوانەی ئەوەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە کەسێکی زیندووی ئازادە لەناو دیمەندا و پێچەوانەکەی مەرجی شانۆیی دروستکراوە و دوورە لە داهێنان لە ڕێساکانیدا، لەبەرئەوەی دروستکردن هەرگیز لەگەڵ میتۆدی ستانسلاڤسکیدا ناگونجێت، بەڵکو هەمیشە لە ململانێدان.

بەراوردی نێوان ژیانکردن لەگەڵ نمایشکردن: -

خاڵی دەستپێکردنی ستانسلاڤسکی بەئاراستەی ئەدائکردنی نواندن لە ( هونەری ژیانکردن) و جیاوازی کردن لەگەڵ نمایشکردن بووەتە شتێکی باوو ئاسایی لە پسپۆڕی نواندندا. ستانسلاڤسکی ئەوەی پەیوەست کرد بە قوتابخانەی فەڕەنسی و بەشێک لە قوتابخانەی ئەڵمانی، بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت کەهەرگیز نیشتمانی هونەری ژیانکردن ڕووسیی نیەو فەرەنسیە، بەڵکو ئەم ناولێنانە پەیوەستە بە بەئەکتەری ئەو وڵاتەو ئەو هونەرە یان هەرشتێکی تر بگرە پەیوەستە بەتایبەتمەندێتی هەرهونەرمەندێکەوە. لەم ئاراستەیەوە هونەری (معایشە) بەشێوەیەکی تایبەت و سەربەخۆ سەرهەڵنادات کەلەدۆخی ژیانکردنی حەقیقی ئەکتەردایە و تێکەڵەیەکە لە لەهونەری بەیانکردن و نمایشی دیمەندا، لەبەرئەم هۆیە ستانسلاڤسکی وای ڕوانیوەکە پێویستە ئەکتەر سنوری وزەی خۆی لەم ئاراستەیەوە ، بەباشی بناسێت ، هەروەها کاریگەری و مەودای چەندە لەسەر بینەران و لەهەمان کاتدا. ستانسلاڤسکی درکی بەوەش کردووە کە میتۆد و تەقەنیەی ئەکتەری پیشەیی لەسەر بنەمای گەیشتنە بە بەرجەستەکردنی دەرەوەی کەسێتی و ئەداکردنیەو ە لەسەر تەختەی شانۆ.

هونەری نمایشی وێنەی دەرەوەی رۆڵ و پێرفۆرمانس جێگیر دەکات کە توێژینەوەی رۆڵی ئەکتەر دیاریدەکات، لەگەڵ مەشاعری دینامیکی لە فەترەی ئامادەکردنی نمایشی شانۆییدا، لەهەموو جارێکدا ئەکتەر پێی هەڵدەسێت. هونەری ژیانکردن بەرۆڵی خۆی داواکاری گەلی تری هەیە. داوا لەئەکتەر ناکرێت ئەوە دووبارە بکاتە وە کە ڕاهێنانی لەسەر کردووە بەڵکو بۆهەرجارێک پشت دەبەستێت بەکردەی عەفەوی زیندوو بۆ دروستکردنی ژیانی رۆڵ بێگومان لە دۆخی پێدراوی دەقەوە، کە هاوڕێکە لەگەڵ قۆناغی ئامادەکاری و پرۆڤە. وە مامەڵە لەگەڵ کەسێتی دا بە جۆرێکە وەکو ئەوەی یەکەم جاربێت پیشان دەدرێت. ئەم ئاراستەیە زۆرتر نزیکە لەگەڵ چەمکی شانۆ بەوەی کە پێر فۆرمانسی ڕووداوێکی درامیە لەبەردەم بینەران و خەڵکدا. سەرباری ئەم تایبەتمەندیە بەشێوەیەکی ڕوون لە قوتابخانەی ژیانکردن ی پێرفۆرمانسی نواندندا بەدیار دەکەوێت کە ستانسلاڤسکی دایمەزراند.

بەڵام قوتابخانەی نمایشی لەوانەیە زیاتر بۆهونەری سینەماو تیڤی گونجاو بن کاتێک ئەکتەرێک هەڵدەسێت بە کردەی کۆمینکیەیشنی مەشاعر و بیرکردنەوەو ئامادەکردن و توێژینەوەی رۆڵ بۆیەک

جارو بۆهەتایە،  بەڵام ڕۆڵ لە قوتابخانەی ژیانکردندا گەشەدەکات و پێشدەکەویت بەپێی نمایشەکان گەر بەر ڕێبرتوارێکی شانۆیی  بکەویت(٩). بۆسالاڤێکی زۆر لەکاتێکدا کە ئەکتەر پێی کاریگەر دەبێت و تێی دەگات و ئامادەدەبێت لە دۆخەکانی: ( کۆمەڵایەتی – سیاسی – ئابوری) دا پێویستە واز بهێنێت لە ڕۆڵەکانی پێشووتری کە جەماوەر ڕەغبەتیان لێ بووەو کاریگەر بوون پێی. پێویستە ئەکتەر وابڕوانێت کە هەرجارێکی نمایش پێویستە بینەران وەکو ئەوە ببینن کە یەکەم جارە دەیبینن . ئەم کردارەش ڕوونادات بە بێ تاقیکردنەوەی شانۆیی لەم بارەیەوە- ستانسلاڤسکی- دەڵێت: -جیاوازی نێوان کلاسیکی یەتی درۆزن و کلاسیکیەتی (حەقیقیدا) بریتیەلە(حەماسەت، تەکلیف)(١٠) ئەم دووئاراستەیە لەهونەری نواندندا لەململانێدان  بەدرێژایی مێژووی شانۆ لەجیهاندا. بۆنمونە ئەگەر بڕوانینە دەقی دیالۆگی هاملێت: «ئەگەر چەند بەیتێکیان پێدان بۆئەوەی لە شار بیخوێننەوە»(١١) ئامۆژگاری ئەکتەر دەکات بەوەی کە نابێت تەکلیف و زۆرلەخۆکردنی تیا بێت،  هەتا ئەرستۆ کاتێک ئەکتەرەکانی  شانۆی گریکی دابەش دەکات، لەسەر بنەمای پێر فۆرمانسیانە، کەئەو لە کتێبی «هونەری شیعر»ی خۆیدا لە ڕووی نەرێنیەوە ناویان دەنێت «زۆرلەخۆکردن لە پێرفۆرمانس»دا کەئەوە سیمای نمایشی ئەکتەری ئەو سەردەمە بووە. کەبەرای ئەو – ئامانجی سەرەکی لە تراژیدیادا ئەوەیەکە: « وروژێنەری مەشاعری ترس و شەفەقەبێت لای بینەران» کە بە «الکاپارسیس – التطهیر»  ناودەبرێت.      بەڵام کۆکلین لەگەڵ ئەوەی جەخت لە سەرکەوتوویی هونەری نمایشی دەکاتەوە کەچی دان بەوەدا دەنێت  کەئەرکی ئەکتەرە لەهەندێک ساتدا ژیان بکات پێویستە لەسەر ئەکتەرێک کەدەبێتە «طرطوف»(١٢) فعلەن هەڵگری هەمان جوڵەو خوو ئیمائات و گوێگرتن و بیرکرنەوەی گرگوف بێت، پاشان پچێتە ناو ڕۆحی « گرگوف» (١٣) ستانسلاڤسکی تێبینی ئەوەی کردووە بەدرێژایی تەمەنی شانۆ هەمیشە ئاراستەی نوێی نزیک لە  بنەماکانی شانۆی هونەری  مۆسکۆ سەری هەڵداوە. ئەمەش لە توێژینەوەکانی ستانسلاڤسکیەوە ڕوون دەبێتەوە، گەڕانەوە بۆ پێشینە کانی هونەرمەندە مەزنەکان و توێژینەکانیان ئەوانیش دابەش دەکات بۆ دووئارا ساتە (هونەری معایشە ) و (استعراض– نمایشی)، ئەمانەش پەیوەست دەکاتەوە بە بابەتە گشتیەکان و بیری جوانیناسی (Consept) و میتۆدی هونەری (Method).

لایەنگرانی قوتابخانەی نمایشی وای دادەنێن کەبەرجەستەکردنی  ژیان کردن لەسەر شانۆ واقعیە و کردەیەکی نا  «مشهدیە» یان لاوازن لەڕووی  (بینرا وو چێژەوە)، ئاستێکی عادی و سروشتیە. ڕوونتر بڵێین  تاکو ئێستاش پێشکەشکردنی تایبەت و جیاواز دەربارەی ژیانی واقعی هەیە – بەشێوەیەکی مەرجی(١٤) لێرەوە ستانسلاڤسکی دەمانبات بەرەو  بۆچوون دەربارەی پشتیوانانی قوتابخانەی نمایش. ستانسلاڤسکی دەربارەی ئەو مەرجداریە دەڵێت: «درۆزنانەو فریودانە، لەبەرئەوەی کپکردنەوەی شێوەی حەقیقی بەرجەستە کردنی مەشاعرە، لەتکردنی ڕۆح و جەستەیە، هەرچەندە ئەکتەر ئەو شتە نازانێت  کە

پێویستە و لەمەرجداری دروست بکرێت – بە گەڕانەوە بۆ ڕاهێنان ی بەردەوام – کە سروشتی دووەمی ئەکتەرە(١٥) یان لانی کەم ، هەندێ جار ڕێگایەکە بۆ داهینان، ئەوە ڕێگای یارمەتیدەرە لە بابەتە دیارەکانی رۆل(١٦) ستانسلاڤسکی ددان بەوەدا دەنێت کە کردەی نمایشیی بۆ قۆناغی ئامادەکاری رۆڵ وەکو پێشینەکانی وەکو: «شیبکین، پوشکین، گۆگۆڵ، بیلینسکی، ئەسترۆڤ..» پێشوازیان لە هونەری ژیان کردن کردووە و وایان زانیووە زۆر قوڵە بۆ بەرجەستەکردنی واقعی بنەماکانی دیمەنی واقعی. هونەری ژیان کردن لە رۆڵداو ئامانجە بنەڕەتیەکەی:

ئەم هونەری «ژیان کردنە» - بە رای ستانسلاڤسکی – زۆرتر وا گونجاوە بۆ بۆنەیەک کەکاریگەری هەبێت لەسەر مەشاعری بینەران و جێبەجێ کردنی ئامانجە بنەڕەتیەکانی هونەر، ئەم کارە بایەخێکی زۆری هەیە لەو مەنزومەیەدا. لەبەر ئەم هۆیە ستانسلاڤسکی بایەخێکی زۆر دەداتە پەروەردەکردنی ئەکتەر کەخاوەنی نمونەیەکی باڵایە. وە ئەو لەکتێبەکەیدا داوادەکات لەهەموو ئەوانە کاری شانۆ دەکەن ودەڵێت: «پێرفۆرمانسێکی سەرسوڕهێنەر نییە، حەماسەت وجولەی دەرەوە نییە، بەڵکو مەشاعرێکی ناوەکی قوڵ و بیرێکی مەزنە، لەبەرئەوە دەبێتە ئەرکی ئەکتەر، هەروەها ئەوەشی بۆزیاد دەکات - ستانسلاڤسکی: پێشکەشکردنی هونەرێکی زۆر سادەو عەفەویە، بەڵام قوڵ و کاریگەرە».(١٧) (...) بۆریس زخافا – دەرهێنەرێکی ڕووسیە و پەروەدەکارێکی شانۆییەو یەکێکە لە قوتابیە دیارەکانی پێشەوای شانۆ فاختانکۆڤ – ئەوە ڕوون دەکاتەوە – ئامانجی باڵاچیە؟ لەمیتۆدەکەی ستانسلاڤسکیدا: «ئامانجی باڵا لەمیتۆدەکەی ستانسلاڤسکیدا بەواتای ئەوەنیە کە داوا لەئەکتەر بکات بیرکەرەوەبێت لەهونەردا، بەڵکو واتا داوادەکات کە بەچالاکیەکی بیروباوەڕیانەوە کە بایەخی هەبیت بۆ هونەرکەی وەکو توخمێک لە توخمەکانی گۆرینی کۆمەڵایەتی»(١٨) لە ڕەتدانەوەیکی برێختدا دەربارەی پرسیاری ئەوەی ستانسلاڤسکی باوەڕی پێیەتی ئەوەی کە ئەوانی تر بەشێوەیەکی دروست تێناگەن ؟ برێخت دەڵێت: « گەر بە ڕاشکاوی بیلێم، من هەرگیز ئەوە ناکەم. کارەکانی ستانسلاڤسکی ناچنە چێوەیەکی فراوانەوە ، برێخت بەردەوام دەبێت و دەڵێت: لانی کەم بەشێکی ئیلهامە تیۆرەکەی، ئەو بەشەی لەسەربنەڕەتی «الواجب الاعلی – ئەرکی باڵا» ئاماژە بۆئەوەدەکات هوشیاری وەکو کێشە چارەسەر دەکات «الاورغانون الصغیر»(١٩) هەروەها ئەوەشی بۆزیادەکات: هەتا ئەکتەر لای ستانسلاڤسکی، تصوری فۆرمێکی بابەتی دەکات، پەیوەندی کۆمەڵکە بەکەسێتیەوە وەکو ئەوەی ئەکتەر پێی هەڵدەسێت ئەوەی کەپێی دەوترێت «واجب الاعلی»(٢٠) بێگومان ئەم بۆچوونانە ی ستانسلاڤسکی بەرهەڵستن لەبەرامبەر بۆچونەکانی برێختدا.

لە بیست و سییەکانی سەدەی بیستەمدا، برێخت سەردانی یەکێتی سۆڤێت دەکات بەڵام ناچێتە دیدەنی شانۆی هونەری. مێژوونووس (فلادیمێر برۆکۆ فیف ) دەڵێت: «لە هاوینی ١٩٣٢ و پایزی ١٩٦٥ برێخت دێتە یەکێتی سۆڤێت بە بانگهێشتی «فوکس» بۆناساندنی شانۆی کرێکاری لە مۆسکۆ بەڵام دەرفەت نابێت پچێتە شانۆی

هونەری  یان ئەو لیستەوە». ئەو مێژوونووسە ئەوەش زیاد دەکات و دەڵێت – بە شاهیدی هاوڕێیەکی برێخت «ریولیکی فایلر» دوای نووسینی کتێبی ئۆرگانونی پچووک بەزەمەنێک وەرگێرانی کتیبی «وانەکانی ستانسلاڤسکی لە دەرهێناندا» دەگاتە دەستی و یەکێک لە قوتابیەکانی ستانسلاڤسکی بانگهێشتی دەرهێنەر «گۆرچاکۆڤ» دەکات. دوای ئەوە برێخت بە بۆچوونەکانی پێشووتری ستانسلاڤسکیدا دەچێتەوە وەکو لە دیالۆگێک لە کتێبی ( تیۆرەکانی شانۆی داستانیدا) باسیکردووە لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین برێخت و ستانسلاڤسکی هاوڕا دەبن دەربارەی «ئامانجی بنەڕەتی و بایەخەکانی»، تەنها جیاوازی لە میتۆد و پێویستیەکانی گەیشتن بەو ئامانجە جیادەبنەوە، وە ئێمە باوەڕمان وایە سروشتی بینەرو رۆشنبیریەکەی هونەرمەند  ئەوە دیاری دەکەن لەو دوو میتۆدە «المعایشە والاستعراض» دا کامیان هەڵدەبژێرن بۆ بۆگەیشتن بە ئامانجە بنەڕەتیەکە، هەروەها باوەڕیشمان وایە  ئەم کارە بەدیاریکراوی میتۆدی گەیشتنە بە ئامانجی بنەڕەتی. برێخت دەیەوێت جەماوەرەکەی بیرکاتەوەو  بەعەقڵی درک بە مەودای خراپی  دۆخەکەی خۆی بکات (کۆمەڵایەتی، ئابوری، ڕامیاری)، کەبە بیرکردنەوە دەست پێدەکات بۆگۆڕینی واقع.

ستانسلاڤسکی بەرۆڵی خۆی دەیەوێت  بینەرەکەی  شعوربکات، بەشداری بکات بە سۆزلەگەڵ ئەو پاشماوەیەی ڕووداوەکانی سەرتەختەی شانۆ ، کە کردەی هاوبەشیکردن  و ژیانکردنە  لەو سۆزەوە بەرەو بڕیاردان بۆ پێویستی گۆڕان  لە واقعی کۆمەڵایەتیدا.

بەکورتی:

ستانسلاڤسکی کۆششی کرد لە هونەردا لەپێناو ئەوەی: «هەموو پرسیارە عەقڵیەکان، مەترسیدارن بۆئەوەی لەدڵی مرۆڤدایە»(٢٢) وەهەمیشە وەزیفەی هونەری دەبەستەوە بە: پەروەدەی بینەر، کردنەوەی چاوی بەڕووی بیرە نمونەیەکاندا کەبنەماکانیان کلتوری مرۆڤایەتین وهی گەل خۆیەتی کە هونەرمەند باوەڕی پێیەتی.(....) وەکو ستانسلاڤسکی دەڵێت: «تاکو ئێستاش لە توانادایە کە چێژلای بینەرانی هاوچەرخ و رۆحی رۆڵ دروست بکرێت، چونکە لە رۆحی هونەرمەندانداا هەیە بۆ ئەو جۆرە بەرجەستەکردنە»(٢٣) (...) لەڕوانگەی ستانسلاڤسکیەوە بیری حەقیقی و قوڵ بینەران ناگەیەنێتە ئەوەی تێی دەگەن، بەڵکوتاکوئێستاش بینەران لەگەڵ دیمەندا دەژین، ژیانکردن لەگەڵ ڕووداوەکانی سەرتەختەی شانۆ. لێرەوە لەو بیرکردنەوانەی ستانسلاڤسکی تێدەگەین کە جیاواز نین لەئەداو شێوازدا، بەڵکو لە ئەنجامی کۆتاییدا گەیشتنەبە  ئامانجی بنەڕەتی – پەیامی هونەر بۆ وەرگرو بینەر،.بەبێ ئەم شتە رۆڵی هونەر نامێنیت، بەڵکو تەنها دەبێتە  خۆشیەکی سادە – بێگومان لای ستانسلاڤسکی.

پەراوێزەکان:

# هونەری [نمایشکردن]
# لە شانۆیی دووپێغەمبەر دا[1]

پوختە:

هونەری نمایشکردن بابەتێکی نوێ نییە، بەڵکو ئەم هونەرە پێشتر هەبووەو ناسراوبووە، هەروەکو لەم توێژینەوەیەشماندا جەختی لێدەکەینەوە، بەڵام لەڕووی تیۆریەوە بەدیاریکراوی بۆ دەستنیشانکردن و پەیوەست بەنمایشی شانۆیی دووپێغەمبەر وەک بناغەیەک لەمیتۆدێکی دیاریکراودا دەخوێنمەوە کەدواتر لەرێی جیاوازیەکانی نێوان (ژیانکردن و نمایشکردن) و بنەما ڕێکخراوو رۆشنەکانیەوە دەخەمەبەر باس و خواسی زانستی کە لەو نمایشەدا بە ئاشکرا دیاربوون و پەیڕەو کرابوون .

ئەوەی لەو دۆخەدا زانراوە لەدایکبوونی میتۆدی نمایشکردن لە شانۆدا پەیوەستە بە میتۆدێکی دیاری جیهانی وەکو فیسفۆڵد مایرهۆڵد کە لەئێستادا ئایکۆنێکی دیاری قوتابخانەی شانۆیەلە جیهاندا و ئاشکرایە پێشتر لەکوردستان کەمتر قسەو باسی زانستی لەبارەوە کراوەو ڕەوایەتی دەدرا بەتیۆریزەکردنی بەرهەمە شانۆییەکان زیاتر وەک هەوڵی تاکەکەسی و خوێندنەوەی بەرهەمەکان، کە جیاوازی خوێندنەوەکان لەئاستێکی نزمدابوون لە پەیوەست بە هەندێ قسەی گرنگ و کاریگەر و ئەوەشی دەوترا تەنها لەکردەی ئامادەکردنی ئەکتەردا بوون و کەمترین قسەی میتۆدی و زانستی تایبەت بۆکارێکی شانۆیی ئەنجام دەدران، قسەکردنەکانیش زیاتر بە پشت بەستن بە هونەری ژیانکردن بوون و لەسەربنەمای هەستی و ئەو خاڵە دیالەکتیکیەی دەربارەی ڕێبازی هونەری هەیە و باوەو رۆژانە دەیبیستین .

لە پەیوەندیدا بە ڕێبازی نمایشکردن یان پێشکەشکردن پێشینەیەکی تیۆری تاڕادەیەک لاوازمان هەیە.لەبەر ئەوە ئەم مەعریفەیە خزمەتی شانۆکار دەکات، بەشێوەیەکی بناغەیی لەناسینی سنووری وزەی خۆی لەو تیۆرەدا و لە و قۆناغەی کە خۆی ئامادەکات بۆ رۆڵ بینین یان قۆناغی پێر فۆرمانس، لەشانۆدا.

بەشێوەیەکی گشتی و بەقۆستنەوەی دەرفەتی ئەو مەعریفەیە و کاریگەری و پەیوەندی بەتین لە نێوان شانۆو وەرگر و بەدوایدا خزمەتی ئامانجە باڵاکەی هونەر پێویستمان بەگفتوگۆی جدی هەیە دەربارەی نمایش و لێرەوە ئەم هەوڵە دەخەینە گەڕبۆئەوەی نمایش وەکو بەرهەمێکی هونەری بخوێنینەوە.

---

[1] - مەبەستمان نمایشی شانۆیی (دووپێغەمبەر)، نووسینی: سلاڤۆمیرمرۆژیک، وەرگێڕانی: د. فازڵ جاف، دەرهێنانی: ڕێباز محەمەد،بۆماوەی (١٠)رۆژ بەردەوام بوو.

Abstract:

The art of acting isn‹t something new ,it has been and known for a long time as how we emphasis the concept in this analysis .Although ,from the theoretical angle ,I will read through subjectively and indicate the attached line of theatrical performance between«Two prophets «as a methodical base .Afterwards ,through differentiation in the Art of »living & acting) performance «(I will engage with the organised structural enlightenment of) Theatrical Performance ( as well as the scientific terms which they were obvious and,obeyed in the product .Whatever that‹s known in this situation is ;the birth of theatrical performance) Actingmethod which is tied to globally known method such as) Meyer Hold (which now he‹s an obvious icon and has his own importance and effect on world stage .It‹s also obvious , before in Kurdistan this subject has not been the centre of attention .The priority were given to the theatrical products to be theorised and they were analysed as an individual efforts with low esteem from different views rather than some important and effective debates .There has been other discussions regarding› Actor Preparation ‹they were more or less scientific & methodical dialogues ,specifically made for theatrical debates .These type of discussions were more backed by the art of living and based on feelings which those dialectical points regarding art methodology were existed ,common ,and we have heard them daily .In connection with acting or presentation we only have a theoretical weak background .Therefore this aspect serves theatre actor .Structurally ,in the mission of knowing the frame of their energy and in that theory and mission when he/she prepares for a role or performance mission in theatre .In general ,to take advantage from the aspect of the effects and powerful connection between theatre & Audience following by serving the great ambition of art ,we need a serious debate about) Acting/Performance .(From here we will make some effort for the sake of theorisation and credibility for the original theatrical products as well as creating conditions and opportunities for true arguments regarding the theatrical art works .

(وشە دالەکان: میتۆدی ژیانکردن، میتۆدی نمایشکردن یان پێشکەشکردن، برێخت، ئامانجی بنەڕەتی، مایرهۆڵد )

کێشەی ئەم توێژینەوەیەو پێویستیەکانی: -

جەدەلێکی زۆر هەیە لە هونەری شانۆدا دەربارەی دابەش بوونی بۆ دووقوتابخانەی سەرەکی»ژیانکردن ونمایشکردن»ومشتومرێکی زۆر هەیە دەربارەی شێوازی پێرفۆرمانسی نواندن و بەرجەستەکردنی کەسێتی لەسەرتەختەی شانۆ. ئایا رۆڵ لە ناوەوە بۆ دەرەوە دەبێت )؟ وەکو ناسراوە بە میتۆدی (ژیانکردن) یان بەرجەستەکردن لە دەرەوە بۆناوەوە کە بە نمایشکردن یان پێشکەشکردن – ناسراوە[٢] PRESENTATIN قوتابخانەی

بەتایبەتی ئەودووقوتابخانەیە دەگەڕێنەوە بۆ ریشەیەک کە لەچەندین سەدەی مێژوویی شانۆی جیهانیەوە درێژ دەبنەوە بەجۆرێک ئەم دۆزە نوێ نییە تەنها پەیوەستە بە ئامانجی بنەڕەتی شانۆوە، بەپێی پێویستی و پاراستنی تایبەتمەندی هونەری شانۆیی بە ئاراستەی هونەرە درامیەکانی تر و پیاچوونەوەیەکی جددی و خێرا بەم باسەدا دەمان گەیەنێتە ئەوەی کەئێمە درەنگ هاتووین و پێویستمان

[٢] – موئەیەد هەمزە، ستانسلاڤسکی لەنێوان: هونەری ژیانکردن و نمایشکردن لەشانۆدا ئا: ڕێباز محەمەد جەزا، گۆڤاری تیاتەر ژمارە(٣ )ل ٤٢

بەهەوڵی لێبڕوانەی دروست هەیە بۆچوونەوە سەر شاڕێی شانۆ بەجۆرێکی ترو بە شێوزاێکی تر کە ئەمەپەیوەستەبە خاڵێکی دیالەکتیکی و روژێنەر لە مێژووی شانۆلە جیهاندا و لەسەدەی بیستەمدا بەتایبەتی و تاکوئێستاش لەکوردستان لە پێناو گەیشتن بە جیاواز لە ناوچەکەدا بەردەوامە لەسەر تەختەی شانۆ. لەگەڵ ئەوەشدا ژیان لەهونەردا تێکەڵەیەکە لەنمایشکردنی دیمەن لەساتی ژیانکردنی حەقیقی و رۆڵی ئەکتەردا، هەتا ستانسلاڤسکی خۆی سوودی لە میتۆدی نمایشی وەرگرتووەو هەندێک جار جەخت لەوە دەکاتەوەو ئەو بیرکردنەوەیە ڕەتناکاتەوە لەبەر ئەوەی لەبەرئەوەی ئەو میتۆدە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە.

ستانسلاڤسکی لەم ڕووەوە لە ئەزموونی ئۆپەریتی «لیلی» دا دەڵێت: لەوانەیە ئەو کارەکتەرەی کە گەڕانی لەسەر دەکەیت لەهەمانکاتدا دەرەکی بێت. بەڵام هەندێک جار لەوانەیە دەرەوە لە ناو تۆدا بن، ئەمەش بێگومان باشترین نیە، بەڵام لانی کەم، لەوانەیە ڕێگایەکی شیاو بێت بۆ داهێنان. و ئەو ڕێگایە یارمەتی دەربێت لەبابەتە سنوردارەکانی ژیانی رۆڵ،... هەرچەندە ستانسلاڤسکی ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە(فکر) لە خۆیدا قسەکردنە لەسەر ئەزموونی شانۆی درامی هەروەها ئەوەشی لە شانۆی (ئۆتێلۆ) ی (ولیام شکپیر )دا دیاریکرد: « نمایش وەکو ئەوەی ئێمە سوودی لێدەبینین بۆ یەکەم جار دەگەینە ئەوەی لە نرخ وگرنگی و بایەخی رۆڵی کارەکتەر لە پاراستنی هۆکارەکانی نواندنداو زیان گەیاندن بیرم کردەوە، ڕێگای داهێنان لەڕێی کارەکتەری دەرەکیەوە و لەوێوە بۆشعووری ناوەکی لەوەدا باشە کە کارەکتەر دێت و پێر فۆرمانسی خۆی دەکات[٣] لێرەدا و تاکو ئێستاش پێویستە ئەکتەر سنوری وزەی خۆی بزانێت لە ڕوو ی هونەریەوە. ئەمە جگەلە مەودای کاریگەری لەهونەرو جەماوەردا، هەتا درککردن بە هەردوو میتۆدو لەنێوانیشیاندا بەوشێوەیەی کەڕوونە و بەهۆی پشت بەستنی نمایش شانۆیی دووپێغەمبەربەمیتۆدەکەی مایرهۆڵد لە (هونەری نمایشکردن)دا و بەدیاریکراوی کە ئێمە لەم تو یژینەوەیەدا پێی هەلدەسین ئەوەیە، دەبێتە میتۆدی کارکردن لەنمایشداو باوەڕمان وایە ئەم ڕێگایە بۆ دەربڕین زۆرتر تەندروستە بۆداهێنان و خوێندنەوەی ئەوبەرهەمە شانۆییە .

## سنووری توێژینەوەکە:

ئەوەی ئەم توێژینەوەیە دەیگرێتە خۆی گەلێک فراوانەو هەوڵدەدەم بەچەند خاڵێک و زۆر بەکورتی دیاری بکەم:

١. کاریگەریەکانی میتۆدی شانۆیی( مایرهۆڵد) بەتایبەتی شێوازاندن.

٢. کاریگەری شانۆی کۆمیدیای( دیل ئارتێ )لە بیناکردنی کارکتەرو مامەڵکردن لەگەڵ نمایش.

---

[٣] – هەمان سەرچاوە ل ل٤٤

٣. خوێندنەوەی رۆژهەلاتیانە بۆ نمایش .

## میتۆدۆلۆجیای توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە پەیڕەوی لە میتۆدی (وەسفی –شیکاریی ) دەکات و پشت دەبەستیت بە شیکردنەوەی نمایشی شانۆیی (دووپێغەمبەر) ومیتۆدی کارکردنی بەرهەمەکە.

## گرنگی تێگەیشتن لە چەمکی نمایشکردن لەناو سیستمی نمایشدا: -

لەدایکبوونی ئەو مەنزومەیەی کە نمایشی پێکراوە ناودەبەم به (system )و زۆر بەخراپی دەزانم کە بەسادەیی لێی بڕوانین و شیکاریی بۆبکەین، لەبەرئەوەی نمایشی شانۆیی دووپێغەمبەر بەوپەڕی ئازادیەوە بانگهێشتمان دەکات بەرەو پێرفۆرمانسی ئاوەزی و دەربڕینگەرێتی پەیوەست بە یاسا هونەریەکان و چاکردنەوەی هەڵەتێگەیشتنەکان لەم بیروباوەڕە. چونکە ستانسلاڤسکی دەڵێت: «ئازادی هونەرمەند لەوەدایە کەدەیکات، ئەوەیە کە وادەکات پچێتە ناو ئازادیەکانی تریشەوە[٤]» کە ئەوەش دەربڕینە لەوەی ئازادی داهێنان دامەزراوەیە بەو پاڵپشتیانەوە کە پەیوەستن بە یاساکانی ژیان و سروشتی ماددی و رۆحی مرۆڤەوە، ئەو گەڕانەوەیەش بۆ ڕیشە ڕێکخراوەییەکەی لەوێوە بۆ ڕیشە واقعی و فکریەکەی هونەرمەند دەگەڕێتەوە بۆ پێشینەیەکی مێژوویی لەو ئاراستەیەوە کە شانۆی جیهانی لەو سەردەمەدا و لە شانۆی مۆسکۆی هونەریدا کاریان لەسەرکردووە . زۆرترین پێگەی کتێبخانەکان جەخت لەوەدەکەنەوە کە ستانسلاڤسکی و مەنزوومەکەی جیگیرن لە ناو داهینەرەکانی وەکو: «یرمولوفا، شالیابن، روسی، سالڤینی، دوتسی و زۆری تریش «. هەتا هونەرمەندی تراجیدی ئیتاڵی تساکونی کەسەردانی کردووە و لەپاریس نووسیویەتی ودەڵێت: « لەوجارەدا فێرت کردم، زۆر بەڕوونی و پێت وتم – جیاوازی حەقیقی و ساختە. جیاوازی نێوان ژیانکردن و حیکایەت کردن، گێرانەوەی کاریکاتێریە . ئەوە حە قیقەتەکەیە! وە تێبینیم کرد و سەرنجی ئەو عەبقەریەمدا ڕێک وابوو شتێکی زۆرنا ئاسایی..

بەڵام ئەوەش بەلای منەوە ناوازە بوو، گەیاندمی بە تەکنیکێکی نایاب. کامەیە جیاوازیەکە ؟ وەکو ئەو جیاکاریەی لەنێوان هەمیشەیی دا کە پێوانە ناکرێت بەو، ئەوەی لێرەدا ئاسانەو چاکە بۆزەمەنێک»[٥]

---

[٤] – موئەیەد هەمزە، ستانسلاڤسکی لەنێوان: هونەری ژیانکردن و نمایشکردن لەشانۆدا. ئا: ڕێبازمحەمەدجەزا، گۆڤاری تیاتەر ژمارە(٣)ل ٤٥

[٥] – موئەیەد هەمزە، ستانسلاڤسکی لەنێوان: هونەری ژیانکردن و نمایشکردن لەشانۆدا. ئا: ڕێبازمحەمەدجەزا، گۆڤاری تیاتەر ژمارە(٣)ل ٤٥

بەتوێژینەوەی ووردی ئەو بلیمەتانە لەهونەری نواندنداو لە زەمەنی خۆیاندا زۆرشت ڕوون دەبنەوە، ستانسلاڤسکی تێبینی ئەوەی کردووە و گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە هۆکارە کۆنەکانی مەرجدارنەکردووە و تێبینی ئەوەی کردووە و گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە هۆکارە کۆنەکانی مەرجدار نەکردووە، بەڵکو ڕەتیکردوونەتەوە و بینەرانی تووشی واق ورمان کردووە بە ژیانکردنی قووڵ و خۆڕسکانە، سەری سوڕماندوون و بە سادەیی و مرۆڤایەتیەکەی کە زۆرجار ستانسلاڤسکی بۆ ریشەی ئەم باسە گەڕاوەتەوە بۆ شانۆی ڕووسی و مەنزوومەکەی و بەشێوەیەکی تایبەتی ئەوەی شانۆی ڕووسی پێگەیشتووە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا (..... )کەواتە جینالۆجیای هونەری شانۆیی کردەیەکی پەیوەستبوونی نێوان ستەیج و هۆڵی شانۆیە لەنێوان هونەرمەند و بینەردایە، لنێوان نامە نێرو وە رگردایە. ستانسلاڤسکی دەڵێت: «هەتا لەخۆمان تێبگەین، بەدوایدا لەهونەر تێبگەین و هەستین بە بە دامەزراوەیی کردنی بەرهەمەکە کە مەبەستمان لە داهێنانەکان و ئاماژەکردنە بۆ زەوی، سروشت، کەلوتکەی سەرەوەی چڵەکانی درەختێکی نیشتمانە کە ئێمە لەناویدا نواندنی لق و گەڵاکانی دەکەین.. هونەرەکەمان بەرامەی شنەی زەوی و بایەکە لەکارە کانی هونەرمەندە ڕووسیەکاندا (...) ستانسلاڤسکی ئەو کرۆکە ئەو لاساییگەرێتیە نیشتمانیەی کەشفکرد، کە بەو پێیە، ئەو دامەزراوەیە ئاراستەی هونەرێکە دیمەنسازیە، ئازاد لەڕوانگەی کەسییەوە بۆ ئەکتەری قوتابخانە کۆنەکان کە باوەڕیان وابووە شانۆ زۆرتر پێشکەوتووە کە دووربون لە یادەوەریەکانی ژیان[٦]. هەرئەم تێگەیشتنانەی دیمەنی جوڵەیەک، دەربڕینی دیمەن، مەشاعر ی مرۆیی – هەرئەم تێگەیشتنانەی دیمەنی جوڵەیەک، دەربڕینی دیمەن، مەشاعر ی مرۆیی – هەموویان پێکەوە کاردەکەن لەپێناو دامەزراندنی شێوەیەکدا کە هونەر بێت، هەتا لە سەدەکانی تردا بە هونەری شانۆ یان داناوە. پچڕینی ئەو چنینە شانۆییە، پوخت و مەشاعری نواندنی مرۆڤیی زیندووە، کە ئەوە سروشتیەتی.

پێشتر وادادەنرا کە سەرهەڵدانی مەشاعری مرۆیی عەفەویە لە پێر فۆرمانسی ئەکتەردا، کە بەدرێژایی کات لە مێژووی شانۆدا – پێش ستانسلاڤسکی – دژ بووە لەگەڵ سروشتی هونەری دیمەنسازی و ڕووخساری دەرەوە و چەشەی گشتی بەرهەمەکەدا.بەڵام بەنیسبەت ستانسلاڤسکیەوە، هونەری دیمەنسازی لەوکاتەوە هەتاکو ئێستاش پیشەیە، بەڵام لەئێستادا دۆخەکە جۆرێکی ترەو (presentation - نمایشکردن – پێشکەشکردن) و دەرچوونیش لەو قۆناغە مامەڵەکردنی ڕاستەقینە لەگەڵ مەشاعری مرۆیی ژیانکردنە . هەتا ببیتە هونەرمەند – ئەکتەر، بەتەنها ئەکتەریش نا

---

[٦] – موئەید هەمزە، ستانسلاڤسکی لەنێوان: هونەری ژیانکردن و نمایشکردن لەشانۆدا. ئا: ڕێبازمحەمەدجەزا، گۆڤاری تیاتەر ژمارە(٣) ل ٤٧

بۆبەرجەستەکردن، بەڵکو بەکوشت نەدانی رۆحی زیندویتی داهێنانت. بەلام ئەم بانگەشەیە گێرانەوەیەکی سروشتی نییە وهونەرمەند پێرفۆرمانسێکی حیکایی ناکات بەپێچەوانەی ئەوەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە کەسێکی زیندووی ئازادە لەناو دیمەندا و پێچەوانەکەی مەرجی شانۆیی دروستکراوە و دوورە لە داهێنان لە ڕێساکانیدا، لەبەرئەوەی دروستکردن هەرگیز لەگەڵ میتۆدی ستانسلاڤسکیدا ناگونجێت، بەڵکو هەمیشە لە[٧] لێرەوە ئیتر پێویستی بوونی میتۆدێکی داهێنەرانە دەبێتە پێویستیەکی هونەری و ژیاری و مرۆیی زیندوو.

بەراوردێکی خێرای نێوان
قوتابخانەی ژیانکردن لەگەڵ نمایشکردن: -

خاڵی دەستپێکردنی ستانسلاڤسکی بەئاراستەی پێرفۆرمانسی نواندن لە ( هونەری ژیانکردن) و جیاوازی کردن لەگەڵ نمایشکردن بووەتە شتێکی باوو ئاسایی لە پسپۆڕی نواندندا. ستانسلاڤسکی ئەوەی پەیوەست کرد بە قوتابخانەی فەڕەنسی و بەشێک لە قوتابخانەی ئەڵمانی، بەلام ئەمە بەو واتایە نایەت کەهەرگیز نیشتمانی هونەری ژیانکردن ڕووسیی نیەو فەرەنسیە، بەڵکو ئەم ناولێنانە پەیوەستە بە بەئەکتەری ئەو وڵاتەو ئەو هونەرە یان هەرشتێکی تر بگرە پەیوەستە بەتایبەتمەندێتی هەرهونەرمەندێکەوە. لەم ئاراستەیەوە هونەری (معایشە) بەشێوەیەکی تایبەت و سەربەخۆ سەرهەلنادات کەلەدۆخی ژیانکردنی حەقیقی ئەکتەردایە و تێکەڵەیەکە لە لەهونەری بەیانکردن و نمایشی دیمەندا، لەبەرئەم هۆیە ستانسلاڤسکی وای ڕوانیوەکە پێویستە ئەکتەر سنوری وزەی خۆی لەم ئاراستەیەوە ، بەباشی بناسێت ، هەروەها کاریگەری و مەودای چەندە لەسەر بینەران و لەهەمان کاتدا. ستانسلاڤسکی درکی بەوەش کردووە کە میتۆد و تەقەنیەی ئەکتەری پیشەیی لەسەر بنەمای گەیشتنە بە بەرجەستەکردنی دەرەوەی کەسێتی و ئەداکردنیەوە لەسەر تەختەی شانۆ[٨] بەلام هونەری نمایشی وێنەی دەرەوەی رۆڵ و پێرفۆرمانس جێگیر دەکات کە توێژینەوەی رۆڵی ئەکتەر دیاریدەکات، لەگەڵ مەشاعری دینامیکی لە فەترەی ئامادەکردنی نمایشی شانۆییدا، لەهەرکاتێکداو هەرجارێکدا کە ئەکتەر پێی هەڵدەسێت. بەلام لە هونەری ژیانکردندا بەرۆڵی خۆی داواکاری گەلی تری هەیە. داوا لەئەکتەر ناکرێت ئەوە دووبارە بکاتە وە کە ڕاهێنانی لەسەر کردووە بەڵکو بۆ هەرجارێک پشت دەبەستێت بەکردەی عەفەوی

---

[٧] – موئەیەد هەمزە، ستانسلاڤسکی لەنێوان: هونەری ژیانکردن و نمایشکردن لەشانۆدا. ئا: ڕێبازمحەمەدجەزا، گۆڤاری تیاتەر ژمارە(٣) ل ٤٧

[٨] – موئەیەد هەمزە، ستانسلاڤسکی لەنێوان: هونەری ژیانکردن و نمایشکردن لەشانۆدا. ئا: ڕێبازمحەمەدجەزا، گۆڤاری تیاتەر ژمارە(٣)ل ٤٧ – ٤٨

زیندوو بۆ دروستکردنی ژیانی رۆڵ بێگومان له دۆخی پێدراوی دەقەوە، کە هاورێکە لەگەڵ قۆناغی ئامادەکاری و پرۆڤە. وە مامەڵە لەگەڵ کەسێتی دا بە جۆرێکە وەکو ئەوەی یەکەم جاربێت پیشان دەدرێت. ئەم ئاراستەیە زۆرتر نزیکە لەگەڵ چەمکی شانۆ بەوەی کە پێر فۆرمانسی ڕووداوێکی درامیە لەبەردەم بینەران و خەڵکدا. سەرباری ئەم تایبەتمەندیە بەشێوەیەکی ڕوون لە قوتابخانەی ژیانکردنی پێرفۆرمانسی نواندندا بەدیار دەکەوێت کە ستانسلاڤسکی دایمەزراند[٩]. بەڵام قوتابخانەی نمایشی لەوانەیە زیاتر بۆهونەری زەمەن و قۆناغە ئایندەگەریەکان گونجاو بن کاتێک ئەکتەرێک هەڵدەسێت بە کردەی کۆمینکیەیشنی مەشاعر و بیرکردنەوەو ئامادەکردن و توێژینەوەی رۆڵ بۆیەک جارو بۆهەتایە، « بەڵام رۆڵ لە قوتابخانەی ژیانکردندا گەشەدەکات و پێشدەکەویت بەپێی نمایشەکان گەر بەر ڕێبرتوارێکی شانۆیی بکەوێت» (.....) و بۆسالآنێکی زۆر. ئەمە لەکاتێکدا ئەکتەر پێی کاریگەر دەبێت و تێی دەگات و ئامادەدەبێت لە دۆخەکانی: ( کۆمەڵایەتی – سیاسی – ئابوری) دا پێویستە واز بهێنێنت لە ڕۆڵەکانی پێشووتری کە جەماوەر ڕەغبەتیان لێ بووەو کاریگەر بوون پێی. پێویستە ئەکتەر وابڕوانێت کە هەرجارێکی نمایش پێویستە بینەران وەکو ئەوە ببینن کە یەکەم جارە دەیبینن . ئەم کردارەش ڕوونادات بە بێ تاقیکردنەوەی شانۆیی «لەم بارەیەوە- ستانسلاڤسکی - دەڵێت: - جیاوازی نێوان کلاسیکی یەتی درۆزن و کلاسیکیەتی (حەقیقیدا) بریتیەلە (حەماسەت، تەکلیف)[١٠]. ئەم دووئاراستەیە لەهونەری نواندندا لەململانێدان بەدرێژایی مێژووی شانۆ لەجیهاندا. بۆنمونە ئەگەر بڕوانینە دەقی دیالۆگی هاملێت: «ئەگەر چەند بەیتێکیان پێدان بۆئەوەی لە شار بیخوێننەوە» ئامۆژگاری ئەکتەر دەکات بەوەی کە نابێت تەکلیف و زۆرلەخۆکردنی تیا بێت، هەتاگەر، پچینەوە بۆ مێژووی شانۆ، کاتێک ئەرستۆ ئەکتەرەکانی شانۆی گریکی دابەش دەکات، لەسەر بنەمای پێر فۆرمانس دایدەنێت کەئەو لە کتێبی «هونەری شیعر»ی خۆیدا لە ڕووی نەرێنیەوە ناویان دەنێت: «زۆرلەخۆکردن لە پێرفۆرمانس»دا کەئەوە سیمای نمایشی ئەکتەری ئەو سەردەمە بووەو کەبەرای ئەو – ئامانجی سەرەکی لە تراژیدیادا ئەوەیەکە: «وروژێنەری مەشاعری ترس و شەفەقەیە لای بینەران» کە بە «الکاپارسیس– التطهیر» ناودەبرێت[١١] بەڵام کۆکلین لەگەڵ ئەوەی

---

[٩] – موئەیەد هەمزە، ستانسلاڤسکی لەنێوان: هونەری ژیانکردن و نمایشکردن لەشانۆدا. ئا: ڕێبازمحەمەدجەزا، گۆڤاری تیاتەر ژمارە(٣)ل ٤٧

[١٠] – هەمان سەرچاوە ل٤٨-٤٩

[١١] – موئەیەد هەمزە، ستانسلاڤسکی لەنێوان: هونەری ژیانکردن و نمایشکردن لەشانۆدا، ئا: ڕێباز محەمەد جەزا، گۆڤاری تیاتەر ژمارە(٣ )ل٤٩

جەخت لە سەرکەوتوویی هونەری نمایشی دەکاتەوە کەچی دان بەوەدا دەنێت کەئەرکی ئەکتەرە لەهەندێک ساتدا ژیان بکات پێویستە لەسەر ئەکتەرێک کە دەبێتە «طرطوف» (.....) فعلەن هەڵگری هەمان جوڵەو خوو ئیمائات و گوێگرتن و بیرکرنەوەی گرگوف بێت، پاشان پچێتە ناو رۆحی گروف ستانسلاڤسکی تێبینی ئەوەی کردووە بەدرێژایی تەمەنی شانۆ هەمیشە ئاراستەی نوێی نزیک لە بنەماکانی شانۆی هونەری مۆسکۆ سەری هەڵداوە. ئەمەش لە توێژینەوەکانی ستانسلاڤسکیەوە ڕوون دەبێتەوە، گەڕانەوە بۆ پێشینە کانی هونەرمەندە مەزنەکان و توێژینەکانیان ئەوانیش دابەش دەکات بۆ دووئارا ساتە (هونەری معایشە ) و (استعراض – نمایشی )، ئەمانەش پەیوەست دەکاتەوە ). Method) و میتۆدی هونەری Consept بە بابەتە گشتیەکان و بیری جوانیناسی .

لایەنگرانی قوتابخانەی نمایشی وای دادەنێن کەبەرجەستەکردنی ژیان کردن لەسەر شانۆ واقعیە و کردەیەکی نا « مشهدیە» یان لاوازن لەڕووی (بینرا وو چێژەوە)، ئاستێکی عادی و سروشتیە. ڕوونتر بڵێین تاکو ئێستاش پێشکەشکردنی تایبەت و جیاواز دەربارەی ژیانی واقعی هەیە – بەشێوەیەکی مەرجی بەڵام نابێت بیرمان پچێت کەستانسلاڤسکی دادن بەوەدا دەنێت کە کردەی نمایشیی بۆ قۆناغی ئامادەکاری رۆڵ وەکو پێشینەکانی وەکو: «شیبکین، پوشکین، گۆگۆڵ، بیلینسکی، ئەستروڤ..» پێشوازیان لە هونەری ژیان کردن کردووە و وایان زانیووە زۆر قوڵە بۆ بەرجەستەکردنی واقعی بنەماکانی دیمەنی واقعی.

مێژوونووس (فلادیمێر برۆکۆ فیف ) دەڵێت: «لە هاوینی ۱۹۳۲ و پایزی ۱۹٦٥ برێخت دێتە یەکێتی سۆڤێت بە بانگهێشتی «فوکس» بۆناساندنی شانۆی کرێکاری لە مۆسکۆ بەڵام دەرفەت نابێت پچێتە شانۆی هونەری یان ئەو لیستەوە». ئەو مێژوونووسە ئەوەش زیاد دەکات و دەڵێت – بە شاهیدی هاوڕێیەکی برێخت «ریولیکی فایلر» دوای نووسینی کتێبی ئۆرگانونی پچووک بەزەمەنێک وەرگێڕانی کتێبی «وانەکانی ستانسلاڤسکی لە دەرهێناندا» دەگاتە دەستی و یەکێک لە قوتابیەکانی ستانسلاڤسکی بانگهێشتی دەرهێنەر « گۆرچاکۆڤ» دەکات. دوای ئەوە برێخت بە بۆچوونەکانی پێشووتری ستانسلاڤسکیدا دەچێتەوە وەکو لە دیالۆگێک لە کتێبی (تیۆرەکانی شانۆی داستانیدا)باسیکردووە.

لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین برێخت و ستانسلاڤسکی هاوڕا دەبن دەربارەی «ئامانجی بنەڕەتی و بایەخەکانی»، تەنها جیاوازی لە میتۆد و پێویستیەکانی گەیشتن بەو ئامانجە جیادەبنەوە، وە ئێمە باوەڕمان وایە سروشتی بینەرو رۆشنبیریەکەی هونەرمەند ئەوە دیاری دەکەن لەو دوو میتۆدە «المعایشە والاستعراض»دا کامیان هەڵدەبژێرن بۆ بۆگەیشتن بە ئامانجە بنەڕەتیەکە، هەروەها باوەڕیشمان وایە ئەم کارە بەدیاریکراوی میتۆدی گەیشتنە بە ئامانجی بنەڕەتی. برێخت دەیەوێت جەماوەرەکەی بیرکاتەوەو بەعەقڵی درک بە مەودای خراپی دۆخەکەی خۆی بکات ( کۆمەڵایەتی،

ئابوری، رامیاری )، کەبە بیرکردنەوە دەست پێدەکات بۆگۆڕینی واقع. ستانسلاڤسکە بەرۆڵی خۆی دەیەوێت بینەرەکەی شعوربکات، بەشداری بکات بە سۆزلەگەڵ ئەو پاشماوەیەی ڕووداوەکانی سەرتەختەی شانۆ ، کە کردەی هاوبەشیکردن و ژیانکردنە لەو سۆزەوە بەرەو بڕیاردان بۆ پێویستی گۆڕان لە واقعی کۆمەڵایەتیدا[١٢].

## شانۆیی دووپێغەمبەرو خوێندنەوەیەکی نمایشیانە:

لەماوەی ڕابردوودا بینەری نمایشی شانۆیی (دووپێغەمبەر) بووین کەبۆماوەی (١٠)ڕۆژلەبەرواری ١٣-٢٢- /٤/ ٢٠١٨ ڕۆژانەلەکاتژمێر (٥)ی ئێوارە لەهۆڵی ڕۆشنبیریی سلێمانی پێشکەش دەکرا لەنووسینی: سلاڤۆمیر مرۆژیک - وەرگێرانی: د. فازڵ جاف – دەرهێنانی:ڕێبازمحەمەد – نواندنی هەریەکەلە ئەکتەران: کەمال عەلی، نەهرۆمحمەد، چریکەعەبەڕەش ، هاوڕێ کەمال،میران ئازاد، هێڤار نەجات، شنیار ئەبوبەکر... من لێرەدا ئەم بەرهەمە وەکو بەرهەمێکی شانۆیی نمایشی دەخوێنمەوەو بەپشت بەستن بەوەی کەلەپێشووتردا باسم کردو گەڕانەوە بۆ ئەو ژێدەرانەی کە دەرهێنەرسوودی لێوەرگرتوون، ئەمە سەرباری سەرنج و تیێبینیەکانی خۆم وەک بینەرێک.

وەک سەرەتا گرنگە بزانین بۆتێگەشتن لە نمایشێک پێویستمان بەوەیە کەبزانین بەرهەمێکی شانۆیی لەچی پێکدێت و چۆن کاری تیاکراوە بۆئەم مەبەستەش من بەبیرتانی دێنمەوە نمایشێکی شانۆیی تەواو لە چواربەشی سەرەکی پێکدێت لەوانە: ( تیۆر – تەقەنیات، نواندن، دەرهێنان ) ئەم چوار بەشەش لای هەندێک لەدووبەشی سەرەکیدا چڕدەبنەوە وەکو: ڕێبازی ئەدەبی کارکردن و میتۆدی دەرهێنان. کەبەگشتی دەتوانین بڵێین بەرهەمێکی شانۆیی بەبێ ئەو بنەمایانەیان ناتەواون یان لەڕووی هونەریەوە دەتوانین بڵێین کێشەیان هەیە. لەم ڕووەوە من باس لەهەموو ئەو وردەکاریانەی نمایش دەکەم بەڵام نمایش وەکو خۆی ئەوەی پێشکەشی بینەرکراوە لەسەرسێ ئاست دەخوێنمەوە کە بریتین لە:

+ شانۆی ڕۆژهەڵات.
+ کۆمیدیای دیل ئارتێ.
+ میتۆدی ماریرهۆڵد.

وەک سەرەتا پێیم باشە لە تیۆری شانۆییەکەوە بێمەناو نمایش لەپێناو ئاگادار بوون لە ووردەکاری و چۆنیەتی کاری بەرهەمە شانۆییەکە. مەبەستم لە تیۆر لەم نمایشەدا بەکورتی و پوختی هەموو ئەو

---

[١٢] – موئەیەد هەمزە، ستانسلاڤسکی لەنێوان: هونەری ژیانکردن و نمایشکردن لەشانۆدا، ئا: ڕێباز محەمەد جەزا، گۆڤاری تیاتەر ژمارە(٣)ل٥١

قۆناغانەیەکە دەکەونە پێش نمایش و پەیوەستن بەدەق تا خوێدنەوەی نمایش بەڵام لێرەدا ئەمانیش چڕدەکەمەوە بۆ دووخاڵی سەرەکی لەبەرئەوەی تەنها باس لەم ووتەوەرەیە زیاتر ناکەم:




سەرەتا زۆر بەکورتی: مرۆژیك کێیە؟

مرۆژیک نووسەرێکی دوو ڕەگەزە (پۆڵەندی – فەرەنسیە) و لەساڵی ۱۹۳۰لەپۆڵەندا لەدایکبووەولە ۲۰۱۳ لە فەرەنسا کۆچی دوایی کردووە. لەڕووی کاری سیاسیەوە ئەندامی پارتی کرێکارانی یەکگرتووی پۆڵەندی بووە و لەسەردەمی ستالیندا و لەکۆماری پۆڵەندای شعبی و ماوەیەکیش کاری رۆژنامەنووسی کردووە.

لەساڵی ۱۹۵۰ وکۆتاییەکانی ئەو ساڵانەدا پەیوەست دەبێت بەکاری شانۆوەو شانۆنامەکانیشی بەگشتی وەکو ڕێبازی ئەدەبی بۆچوونی جیاوازی لەسەر دەوترێت بەگشتی بەم جۆرە یە:




بەرهەکام لەم بۆچوونانەدەق بخوێنینەوە، هەڵەناکەین لەبەرئەوەی نووسەر گەلێک فراوانەو دەرفەتی خوێندنەوەی کراوەو پلوراڵ مان دەداتێ هەر وەکو (بارت)لە وەصفی (دەق)دا دەڵێت:(دەق فەزایەکی فرە ڕەهەندە[١٣] گەرلەناونیشانی دەقی شانۆنامەی(دووپێغەمبەرەوە) دەستپێبکەین دەپرسم بۆئەم ناونیشانە؟وەلامەکەی ئەوەیەکەچەندین ڕێگاهەیە بۆ هەڵبژاردنی ناونیشانی دەق یەکێکە لەوانە ناوی کارەکتەر، دیالۆگ، ڕووداوی سەرەکی....هتد ناونیشانی ئەم بەرهەمە لەناوی دووکەسایەتی سەرەکی ناو شانۆنامەکەوە هاتوون و تەواوی کێشەکانیش پەیوەستن بەوانەوە کەواتە لەسەر چەند ئاستێک ناونیشانێکی گونجاوو سەرکەوتووە وەک دەق بەڵام ناونیشان، واتایەکی سروشتی و ئاینی نیە وەکو دەبیندرێت بە ئەندازەی ئەوەی ناوێکە میتافۆریک و خوێندنەوەو تێگەیشتنی زیاتر هەڵدەگرێت و دەتوانین ووردتر بیخوێنینەوە.وەکو مارسیل

[١٣] – (مایکل باین)، قرأة المعرفة (مقدمة عن بارت،فوکو، اتوسیر)، «دانا سردار» ص١٦

پروست دەڵێت: «ژینی ڕاستەقینە، ژیانێکە کەلەئەنجامدا دووبارە ئەیدۆزینەوە، دیارو ئاشکرایەو تەنیا فۆرمی ژیان کەلە ڕاستیدا بەئاکام دەگات، ئەدەبیاتە»[١٤] بەواتایەکی تر دەق دەتوانێت وابکات جارێکی تر ژیانی ڕاستەقینەی خۆمان بدۆزینەوە ئەمەش دەکانگەیەنێتە ڕاستیەک کە دەرهێنەر هەڵبژاردنێکی گونجاو ڕاستەقینەی بۆدەق کردووەو دەزانێت دەتوانێت سەرلەنوێ دەق بونیاد بنێتەوە بۆئەمەش پێویستمان بەوەیە نیشانەکان و فۆرمی دەقی شانۆنامەکە بناسین لەم ڕووەوە ئەمە وتەیەکی «شەمسی تەبرێزی»م دێتەوەبیر کەدەڵێت وابزانە لاپەڕەیەک ڕووی لەتۆیەو ڕووەکەی دیکە لەیار یان ڕووی لەهەرکەسێک کەهەیە...ئەودیوەی کەڕووی لەتۆیە خوێندووتەوە،بەڵام ئەودیوەش کەڕووی لەیارە دەبیت بیخوێنیتەوە[١٥] ئالێرەوە ئیتر من ئەو دیوەدەخوێنمەوە کە پێویستە نمایشی پیبخوێنینەوە چونکە ئامانجی نیشانە ناسی ئەدەبی لەکۆتایدا دۆزینەوەی گونجانێکە لەنێوان ئەو شتەی نووسەر هێناویەتیە گۆڕێ و ئەوشتەی خوینەر (وەرگر)تێی گەیشتووە یان تەئویلی کردووە[١٦] من باوەڕم وایە ئەگەرچی ئەم دەقە رۆژهەڵاتی نیە بەڵام کاریگەری رۆژهەڵاتیانەی تیا دەخوێنمەوەوژێدەری ئەم بیرکردنەوەیەشم بۆرۆژهەڵات پەیوەستەبە (میثۆلۆجیا و ثیۆلۆجیا) وە کە دەرژێنەناوژیانی تایبەت و گشتیەوە و بارگاوی دەبن بە سیاسەت و، ئیتر لێرەوە وەکو ڕەگەزێکی گرنگی دەقی شانۆنامە پێمان دەڵێت دەق دەبێت چی بێت و چۆن دەخوێندرێتەوە ؟ بەواتایەکی تر کاتێک دەقی شانۆنامە بەتاڵ دەبێتەوە لە جادوو ئەفسوونی (ئایین و ئەفسانە) ئیتر واتایەک بۆرۆژهەڵاتی بوون نامێنێتەوە و هەردوو ژێدەرەکەش دەبنە «میتافۆر» نەک واتادینیە باوەکەی ، لێرەدا رۆژهەڵات بارگاوی دەبێت بە سیاسەت و هەموو ژانرێک تێکەڵاو دەکاتەوە بە وان ئەمەش وادەکات کاتێک دەچینە نمایشەوە بەجۆرێک بیخوێنینەوە کە نزیک بێت لەخوێندنەوەکانی تیۆری شانۆی مایرهۆڵد بۆدەق و ڕێبازی دەق دەچێتە ناو میتۆدی کارکردن و دەبێت لەنمایشدا بەدوای نهێنیەکانی تری خوێندنەوەدا بگەڕێین کەبەبڕوای من خوێندنەوەی دەرهێنەر خوێندنەوەیەکی دوولایەنەیە لەنمایشدا یەکەمیان بریتیەلە تێگەیشتنێکی رۆژهەڵاتیانە بۆدەق و دیوەکەی تری بریتی دەبێت لە خوێندنەوەیەکی جیهانیانەو دوورکەوتنەوەلە تێگەیشتنی لۆکاڵی بۆدەق. ئەمەش وادەکات هەم بۆ وەرگری رۆژهەڵات ئاسان بیت لەپرۆسەی تێگەیشتندا و هەم کارێک دەکات لەئاستە گڵوباڵ و جیهانیەکەشیدا دانەبەزێتە چینەکانی خوارەوەی تێگەیشتن و نزیک بوونەوە لە تێنەگەیشتن و بەد حاڵی بوون. ئەمەش لەو بۆچوونەی دەرهێنەری

---

[١٤] - بابەک ئەحمەدی، پێکهاتەو ڕاڤەی دەق کتێبی یەکەم، وەرگێرانی: مەسعوود بابایی ل ٣

[١٥] - هەمان سەرچاوە ل٧

[١٦] - هەمان سەرچاوەل٨

جیهانی «مایرهۆڵد» نزیکە کەدەڵێت: « ئاسانە دەرهێنەر ببێتە نووسەر» من ئەم تێگەیشتنە دەگوازمەوە بۆنمایش ی شانۆیی دووپێغەمبەر کەپێم وابێت دەتوانین لەسەر ئەوبنەمایەی  کە مرۆژێک کاری لەسەر کردووە، ئازادی تەعبیرکردن، دەتوانین جارێکی تر دەقی نمایش بخوێنینەوە بەبێ ئەوەی نووسەر وەلانێنین و هەمان هەڵوێستی نووسەر و دەرهێنەر لەم بەرهەمەدا بەئاشکراو بەڕوونی بخوێنینەوە. لێرەوە وەکو پێویستیەک دەچمە سەرئاستیکی تری نمایش.

## خوێندنەوەی سینۆگرافیای

## نمایشی شانۆیی «دووپێغەمبەر»[١٧]

خوێندنەوەو تێگەیشتنی من بۆنمایش بەجۆرێکە کە مامەڵکردنێکی یان  خوێندنەوەیەکی فەلسەفی هەیە لەبەرئەوەی بینەری دیمەنەکان بەتەنها تێ ڕانامێنن بەلکو داهێنانیش دەکەن گەر بەزمانی مایرهۆڵد قسەبکەین دەبنە داهێنەری چوارەم.

من لێرەدا سینۆگرافیای نمایش بەدوو هێڵی گشتی دەخوێنمەوە ئەوانیش بریتین لە:




لەتەوەری یەکەمیاندا: کەدەچینە نمایش و یەکەم بەرکەوتنمان دەبێت لەگەڵ دیکۆری نمایشدا، بەبێ دوودڵی و گومان هەست بە کاریگەریەکانی میتۆدی مایرهۆڵد دەکەین و دەمانباتەوە بۆئەو پێشینە تیۆریە بەهێزەی کە دەقی پێخوێندراوەتەوە و لە دیکۆریشدا ڕەنگی داوەتەوەو دەرهێنەر مامەڵەیەکی سیمبولیکی لەگەل کردووەو بەبێ ئەو تێگەیشتنەش لەمەبەست دووردەکەوینەوە.

لەتەوەری دووەمیاندا: دووجۆر مامەلەکردنم لەگەڵ فەزای بینائی بیردەکەوێتەوە:

ئەوانیش لەیەکەمیاندا: وتەکەی یونسکۆ کە دەڵێت: ئەو مەساحەیەیە لەسەر شانۆ کە هاوکاتە لەگەڵ ساتە شانۆییەکە. بەڵام لەدووەمیاندا: پەیوەست بە میزانیسێن و دیمەنە شانۆییەکانەوە لە ڕووی مێژوویەوە.

ئەمەش بۆچوونی بەشێک لە بیریارانی شانۆدەخاتەوە یاد وەکو: «لانجەر و کازیرەرو میرشائیلیاد وهتد....»

١٧ – بەشێک لەزنجیرە وانەکانم لەهەردوو: (پەیمانگای هونەرەجوانەکانی شەهید جەعفەر/ کۆیە ) و(پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەڵەبجە )

کەبە معبد ناوی دەبەن و بەشێکی تریش لە بۆچوونەکان باوەڕیان وایە کە پەیوەستە بەگریک و دروشمە ئاینیەکان و ئۆرکسترا و کۆرس و شوێنی سەربڕینەکان کەئەمەش جگەلەوەی هارمۆنیەک دەداتە نمایش و نزیکمان دەکاتەوە لەمیتۆدی کاری مایرهۆڵد کە مامەلەکردنی لەسەر ئەم ئاستە پەیوەستە بەچەمکی «دینامیک» کە لەوەوە ئەم کارکردنە دەخوازێت لەمامەڵەکردن لەگەڵ فەزادا.

ئەمەش جۆرێک بوو لە بەستنەوەی ڕاستەوخۆی «دیکۆر» بەناوەرۆکی دەقی شانۆنامەکەوە کەئەو هەستە پرچێژو بەرزەی دەبەخشیە بینەر کەلەبەرامبەر نمایشی شانۆییدا دانیشتووە و ئەمەش لەنێوان دەرهێنەرو سینۆگرافدا دابەشدەبێت کەبە هوشیاری و بە پێشینەیەکی هونەری و میتۆدیانە ئاگاداری لایەنی پراکتیکی نمایش بوون.ئەمەجگەلەوەی بەکارهێنانی تەور وەکو مفرەدەیەکی ناونمایش چەند لەجیهانی نووسەر نزیکی کردینەوە کە ناکرێت لاببرێت یان بگۆردرێت بە کەرەستەیەکی جێگرەوەی تری وەکو چەقۆ یان کێرد لەبەرئەوەی لای مرۆڤیک بەدەرلەوەی لەزۆرێک لەشانۆنامەکانیدا بەکاری دێنێت، چەندین واتای قورسی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە ناونمایش کە دەکریت، تەئویلاتی هەمەجۆری بۆ بکرێت. هەم لەڕووی میثۆلۆجی و هەم لەڕووی مێژوویی و بەتایبەتی سەردەمی ستالین و هەتا وەکو پیشە کە لە دارو ئاسنیش پێکدێت، وەرگر دەتوانێت لای خۆیەوە هەموو واتاکانی ئەو بەکارهێنانە دەوڵەمەندە بخوێنێتەوە.

هەروەها ڕووناکی لەنمایشی شانۆیی دووپێغەمبەردا، هەمان ڕووناکی ناو هۆڵ بوو کە جگەلەوەی وەزیفەی ڕووناکی بێ لایەنیەکی تەواوی هەبوو لەنمایشدا واتە ئەرکی بینراوەکانی لەخۆگرتبوو وەکو خۆی وڕوون پیشان دانیان. ئەمەش زۆر لە وتەیەکی جاک ئەیلول دەچێت کە لەکتێبی «تەکنۆلۆجیاو سەرەرۆیی سەردەم»دا دەڵێت: «ئەوکۆمەڵگا نوێیەی خەریکە لێی نزیک ئەبینەوە و چاوەڕێی وێرانکاریەکانی ئەکەین بەهۆی نامرۆیی بوونە ترسناکەکەیەوە لەپێشی ئەو تارماییەوەیە..»[18] جادەبێت خوێنەر ئەوەی لێ ڕوون بێت چەند تیۆری و زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ ڕووناکیدا کراوە بەجۆرێک گەربمانەوێت دەتوانین چەندەها نمونە لەم جۆرە تێگەیشتنانە بۆبەڵگە بهێنینەوە کە دەرهێنەر باش لە کێشە کە تێگەیشتووەو دەزانێت چۆن مامەلە بکات.

دەربارەی مامەڵەکردن لەگەڵ موزیک کەبەشێکی گرنگی نمایشەکە بوو دەتوانین بڵێین لەتیۆرەکەی مایرهۆڵدا گرنگی زۆر دراوەبە موزیک و جێگەیەکی دیاری هەیە و دەبێت دەرهێنەری موزیکی بینای نمایشێکی باش بکات و ئەرکەکەی خۆی بزانێت و بناسێت[19] چونکە ئێمە مامەڵەیەکی دوولایەنەمان هەیە

---

[18] – ئەریک فرۆم، بەرەو مرۆیی کردنی تەکنۆلۆجیا، زوقان قرقوت ل ٩٦

[19] – سوودم وەرگرتووە لەزنجیرە وانەکانی د.سلمان عطیە، لەزانکۆی بابل.

لەگەڵ موزیک لەیەک کاتدا، کەبریتین لە :

رۆحێکی رۆژهەڵاتیانەی پوخت پێویستە موزیکێک بێت وزەیەکی جیهانی هەبێت لەهەمان کاتدا

ئەمەجگەلەوەی پێویستە موزیک چێژی هەبێت و یارمەتی دەربێت بۆ کەشفی جەوهەری ناوەکی بەبێ ئەوەی معاناتی هەبێت که موزیک ئەوکارەی کردوو توانی ئەرکەکەی بەسەرکەوتوویی لەو ڕووەوە جێبەجێ بکات ئەڵبەتە ئەوەندەی پەیوەست بێت بەئێمەی وەرگرەوە کەلەڕاستیدا کەسێکی پسپۆڕ لەوانەیە بەجۆرێکی تر ئەم تێگەیشتنە دەرببرێت کە زۆرجیاواز بێت لەم تێگەیشتنەی من.

جل وبەرگی نمایشی شانۆیی دووپێغەمبەر: پەیوەندی جلوبەرگی شانۆیی قوڵترە لەو تصوراتانەی کەلەژیانی ئاساییدا هەن،کەم ڕێکدەکەوێت «کەسێتی»بەرجەستەبکرێت بەشێوەی نمایشی و بایەخ بە جل و بەرگ نەدرێت،ئەمەش وادەکات کارەکتەرەکە بەهێزتربێت لەوەی کەهەیەودەردەکەوێت[٢٠] ئەمەش بەدووجۆرمامەڵەی لەگەڵ دەکرێت ولەسەردووئاست:

ئاستی یەکەم: جل و بەرگی مێژوویی و پابەند بوون بەسەردەمەکانەوە.

ئاستی دووەم: مامەڵەی فەنتازی و مۆدێرن.

لەبەرئەوەی هەموونمایشێک پێویستی بەهەڵبژاردنی شێوازی جل و بەرگ و کارکردنی تایبەتی هەیە یان نەخشەی ئامادەکراو بەجۆرێک شایستەبێت بۆکارەکتەر و ئەمانیش یان لەڕێی جل وبەرگی ئامادەکراوەوەدەبێت یان لەرێی نەخشەی تایبەت و دروستکردنیەوە دەبێت....

نمایشی شانۆیی دووپێغەمبەر مامەڵەی راستەوخۆی لەگەڵ جل و بەرگی مێژوویی نەکردووە بەڵام دەتوانین بڵێین بەبێ سوود یش نەبووە بۆنمونە هەردووکارەکتەری « دکتۆر وپرۆفیسۆر» مامەڵەیەکی لەگەڵدا کراوە زیاترلەڕووی ڕەنگەوە و هەم لە نەخشەیاندا جۆرێک لەپابەند بوونی مێژووی تیا دەبیندرێت و لەهەمان کاتیشدا جل و بەرگی ئاسایی و سەردەمیانەن واتە مامەلەکردن لەگەڵ جل و بەرگ هەم ئاسایی و هەم فەنتازیاشی تێکەڵبووەو لە دووجۆرە مامەلەیە تێپەڕدەکات کە باسم کردن. هەروەها کەسایەتی پێغەمبەرەکان تەواو تێکەڵدەبن لەگەل خوێندنەوەی ئەفسانەیی و لەهەمان کاتدا فەنتازی و جل و بەرگی شاعیرەکە کە تەواومۆدێرنەو جیاوازە لەجل و بەرگی ئەوانی تر جگەلەکەسایەتی وەسی کە زۆ ر سروشتی بوو بەجۆرێک هیچ تایبەتمەندیەکی نمایشی پێوەنەدەبیندرا. بەبەراورد بەجل و بەرگی یاوەر کەهەم سروشتی دەینواند و سەردەمیانەبوو بەڵام جیاوازیەکی ئەوەیە کە نەببوەڕێگر لەبەردەم جوڵەی ئەکتەردا.

---

[٢٠] – ٢) فرانك م. هوايتج، المدخل الى الفنون المسرحيه، ترجمه : كاملص٢٦٧

## خوێندنەوەی نواندن
## لە نمایشی شانۆیی «دووپێغەمبەر»دا:

میتۆدی کاری نواندن لەم نمایشەدا، بەپێی ئەو پرەنسیپانەی کەکاری لەسەرکراوە سێ بنەمای گرنگ و سەرەکیە و بریتین لە :

ئەوکارانەی کە لەسەر پرەنسیپی «شێوازندن» ئەنجام دەدرێن واتە: «بارزکردنی تەواوی هۆکارەکانی دەربڕین و پێکهاتەی ناوەکی ئەوبەشە یان ئەو پەردەیە، واتە هۆکاری دەربڕینی تازە» هەروەکو مایرهۆڵد دەڵێت: « ئەکتەر توخمی سەرەکیە لەسەرتەختەی شانۆ، هەمووئەوانەی تر کەدەکەونە دەرەوەی ئەو کەمتر گرنگن».[٢١] هەروەها دەشڵێت: «پێویستە هەمووکەرەستەکانی سەرشانۆ لە خزمەتی ئەکتەردابن و ئەکتەربیان قۆزێتەوە بۆبینەر»[٢٢]بەگشتی دەتوانم بڵێم بونیادی کەسێتی پشت بەچەند بنەمایەکی گرنگ دەبەستێت بۆنمونە فۆرم لە ناوەرۆکەوە دێت ومەرجیەو مستقیمە و داهێنەرانەیە لە خەیاڵی بینەردا وزیندووی دەکاتەوە و سکونی قوڵی تێدایە وجوڵەکانی دینامیکین و پشت دەبەستێ بە پلاستیکای ناتەبا دەبەستێت و نەحتیەلەجەستەدا[٢٣] ئەمە جگەلەوەی دەسەڵاتی هەیەبەسەر نەفس و زەینی گۆڕاوەکاندا و لەهەمان کاتدا گونجاون و توانای تشخیص و بینیی دروستیان هەیە. ئەمە جگەلەوەی دەسەڵاتی هەیە بەسەر نەفس و زەینی گۆڕاوەکاندا و لەهەمان کاتدا گونجاون و توانای تشخیص و بینینی دروستیان هەیە.

ئەوەی لەنواندا شیاوی قسە لەسەر کردن و گفتوگۆی جدیە نمایش دابەش کرابوبەسەر دووبەشی سەرەکیدا ئەوانیش:

ئەوانەی لەناو سیستمەکەدا بوون، توانیبویان رۆڵەکانیان بەرجەستە بکەن و وەرگر هەست بەجیا بونەوەیان نەکات، بەڵام ئەوانەی کەلەدەرەوەی سیستم بوون وەک نمایش کێشەیەکیان نەبوو بەڵام پێوەیان دیاربوو کە جێکرابوونەوەو نواندنیان نەدەکرد بەتایبەتی لەکاتی بێژانی دیالۆگەکاندا، چونکە ئەکتەری ئەم جۆرە نمایشانە پێویستیان بە قول بونەوەی سایکۆلۆجی و بەکارهێنانی دەنگ نیە کەبەقورگ بوترێن بە ئەندازەی ئەوەی پێویستە بەجوتە لێو بوترێن و پێشکەش بکرێن. بەڵام سەرنجی من بۆکۆی نواندن و نمایش لەچەند خاڵێکدا چڕدەکەمەوە ئەوانیش:

---

[٢١] – سوودم وەرگرتووە لەزنجیرە وانەکانی د.سلمان عطیە، لەزانکۆی بابل

[٢٢] – سوودم وەرگرتووە لە گەڵ بەشێک لە زنجیرە وانەکانم، لە پەیمانگای هونەرەجوانەکان (شەهید جەعفەر لەکۆیە)و (هەڵەبجە).

[٢٣] – مەحمود سەردار – صیغ الاداء التمثیلی – رسالة ماجستیر غیر منشورة ص٦٩و٧٠

١. نەبوونی جوڵەی زیادەو عەفەوی..

٢. نواندن ، بەڕیتمی پێشکەش دەکران..

٣. دۆزینەوەی چەقی قورسایی هەریەکەلە کارەکتەرەکان.

٤. ئەمەجگەلەوەی بەگشتی، جێگیربوون.

دەتوانم سیستمی ئەنجامدانی جوڵەکانی نمایش  بەم جۆرە چڕبکەمەوە:

هەمووئەوانەش بە هۆی «قوڵنەبوونەوەی سایکۆلۆجی و دابڕان و ئەنجام نەدانی  پەرچەکرداری دەرونی یەوە جێبەجێ دەکران» ئەم خوێندنەوانەش پێمان دەڵێن کەبۆچەشەی کاری نواندن و ئەکتەرەکان زۆرگرنگە وەرگر لەوەتێ بگات کەپێویستە چەند کارێک بکات ئەوانیش:

١. پێویستە ئەکتەر هەست بکات لەسەر شانۆیەو ئەو هەستەش بگوازێتەوە بۆبینەران.

٢. مامەڵکردن لەگەڵ سینۆگرافیای قەبەو زەبەلاح دا ناکرێت لەم جۆرەنمایشانەدا.

٣. فەزاوەکو پێویستی دەبێت بخوێندرێتەوە.

٤. ئەمەش دووجۆر لە پێویستی بۆداهێنان دێنێتەدی بۆ:




بەڵام دواتر ئەم چەمک و بەکارهێنانە تەنیانابن و تێکەڵاو دەبن بە مێژووی شانۆو لەفۆرمی کەسیتیەکاندا ڕەنگ دەدەنەوەو دەتوانین بیخوێنینەوەو تێگەیشتن بەرهەم بهێنین و بەتێکەڵکردنیان لەگەڵ کۆمیدیای دیل ئارتێ، پرەنسیپی چێژ و تشویق بەرز دەبێتەوە لەنمایشدا و دەبنە هۆی ئەوەی بەبێ ئەوەی لە ئاستی نواندن دابگرنە خوارەوەو لەسیستم دەرپچن، پرمان دەکەن لە هونەر.

لە کۆتاییدا دەبێت بێینە سەرکاری دەرهێنەر و پرۆسەی دەرهێنان، بۆئەوەی دڵنیابینەوەلە وەی کەپێشتر قسەمان لەبارەوەکردون و نهێنیەکانی کارەکە یەکالابکەینەوە ئەوانیش وەکو لەسەرەتاوە باسم کردن دەرهێنەر مامەڵەی لەگەڵ  زۆرێک لەگەڵ توخمەکانی نمایشدا کردووەو ئەمەش پێویستی بەدووبارەکردنەوەی قسەکانی پێشووم ناکات تەنها بەخێرایی  هەوڵی ڕوونکردنەوەی دەدەم بەم جۆرەی خوارەوە:

یەکەم: کاری دەرهێنەرو مامەڵکردنی لەگەڵ دەق:

لەڕووی چیرۆک و بینای درامی و کەسێتیەکانەوە، بەشێک لەدەقی نەبردووەتە ناو نمایش کەبەڕچوونی من پەیوەندی بەو ڕووداوانەوە هەیە کەلۆکاڵین و پەیوەستن بە جوگرافیایەکی دیارکراوەوەو دەرهێنەر پشتی بەکردنەوەی دەق بەستووە بە ئاستە یونڤێرساڵیەکەی کەئەمەش والەمنی وەرگر دەکات کە بڵێم: لەگەڵ ئەوەی دەرهێنەر توانی بیری نووسەر سەرکەوتوانە بگوازێتەوە بۆنمایش بەڵام وەکو ئەمانەتی زانستی دەبوو ئاماژەی بۆبکردایە.

دوووەم: کاری دەرهێنەرو مامەڵەکردن لەگەڵ سینۆگرافیا:

بەگشتی کاری دەرهێنەر لەمامەڵەکردن لەگەڵ سینۆگرافیادا تەنیاو لەخۆوەنیەو پەیوەستەبەکاری سینۆگراف و هاوکارانی ترەوە کەمن لێرەدا لەبەر قوڵی کارەکەو فراوانی بوارەکە تەنها ئاماژە بۆهەندێک خاڵ دەکەم لەوانە:

أ. هارمۆنیەت لەفەزای شانۆدا، بەشێوەیەکی ئەکادیمی و میتۆدیانە و بەرهەمدار و وەک بەشێک لە فەزای بینائی مامەڵەی لەگەڵدا کرابوو کەپێشتر ڕوونم کردووەتەوە.

ب. بارستەو فیگۆرو ڕەنگ و تۆن، جگەلە سیما ڕۆژهەلاتیەکان، کاریگەری میثۆلۆجی پێوەدیاربوو کە پڕخەیاڵ و کاریگەر بوون.

سێیەم: کاری دەرهێنەرو مامەڵەکردن لەگەڵ ئەکتەردا:

دەرهێنەرمامەڵەیەکی تازەو هەمە جۆری کردبوو کەدەکرێت ئەویش بەچەند خاڵێک ڕوون بکەمەوە:

أ. تەحەکوم کردن بە نەفس و زەبتکردنی گۆڕدراوەکان – میزانسێن.

ب. گونجاوی لە میتۆدی کاردا.

ج. ڕێکخستن: وەکو بنەمایەکی گرنگی کۆمپۆزشنەکان.

د. توانای تشخیص و نمایشکردن ی بینینی دروست.

کەدەتوانین لەڕوویی تیۆریەوە بەم هێلکاریە کاری دەرهێنەر و مامەڵەکردن لەگەڵ توخمە پێکهێنەرەکانی نمایشدا بەم جۆرە چڕ بکەینەوە:

کەبەم جۆرە دەردەکەوێت دەرهێنەر، شارەزاییەکی باشی دەربارەی میتۆدی نمایش هەیەو توانی بەرهەمێکی شانۆییمان پێشکەش بکات و مانۆرێکی هونەری بەرزبێت.

بەکورتی:

دەرهێنەری نمایش کۆششی کرد لەم هونەرە دا لەپێناو ئەوەی: « هەموو پرسیارە عەقڵیەکان، مەترسیدارن بۆئەوەی لەدڵی مرۆڤدایە « (١) وەهەستاوەبەوەی وەزیفەی شانۆی گرێ داوەبە : پەروەردەی بینەر، کردنەوەی چاوی بەڕووی بیرە نمونەیەکاندا کەبنەماکانیان کلتوری مرۆڤایەتین وەی

گەل خۆیەتی کە هونەرمەند باوەڕی پێیەتی.(....) کاری دەرهێنەرو پرۆسەی دەرهێنان گرنکیەکەی لەوەدا بوو کە مامەڵەیەکی دروستی لەگەڵ میتۆد و قوتابخانەی نمایشدا کردبوو کەلەڕووی زانستیەوە بایەخ و تایبتمەندی هەیە لەچاو ئەونمایشانەی کەئێمە پێیان ڕاهاتووین، ئەم توێژینەوەیەش لەپێناو ئەرشیفکردن و تیۆریزەکردنی نمایشدا بوو کە دەتوانم بڵێم ئێمە لەم جۆرە بەرهەمانەمان نەبووە یان زۆرکەم بوون جگەلەو بەرهەمانەی کە دکتۆر فازڵ جاف کردونی. کاری منیش جگەلە خوێندنەوەو ڕەخنەکردنی هەوڵێکیشە بۆ بەکلتورکردنی بینین و بەرزراگرتنی بەرهەمە شایستەو هونەریەکان.

## پەراوێزەکان:

- ئەم توێژینەوەیە لە ٢٠١٨/٥/٦ دا، پێشکەشکراوە لەدانیشتنێکی ڕەخنەییدا لە لەدەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان).
- نمایشی شانۆیی (دووپێغەمبەر)، نووسینی: سلاڤۆمیرمرۆژیک، وەرگێڕانی: د. فازڵ جاف، دەرهێنانی: ڕێباز محەمەد،بۆماوەی (١٠) رۆژلەبەرواری ١٣-٢٢-٢٠١٨رۆژانە ەکاتژمێر (٥)ی ئێوارە لەهۆڵی رۆشنبیریی سلێمانی.
- بەشێک لەزنجیرە وانەکانم لەهەردوو: (پەیمانگای هونەرەجوانەکانی شەهید جەعفەر/ کۆیە ) و (پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەڵەبجە ). بەکارهێناوە.
- سوودم وەرگرتووە لەزنجیرە وانەکانی د. سلمان عطیە، لەزانکۆی بابل.

## سەرچاوەو ژێدەرەکان :


یەکەم: سەرچاوە کاغەزیە کوردیەکان:

أ. سەرچاوەکاغەزیەکوردیەکان:

(١) دەقی نمایشی شانۆیی (دووپێغەمبەر)، نووسینی: سلاڤۆمیرمرۆژیک، وەرگێڕانی: د. فازڵ جاف، ٢٠١٦

(٢) موئەیەد هەمزە، ستانسلاڤسکی لەنێوان: هونەری ژیانکردن و نمایشکردن لەشانۆدا، ئا: ڕێبازمحەمەدجەزا، گۆڤاری تیاتەر (گۆڤارێکە تایبەت بەهونەری شانۆ –بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر تایبەت بە (ڤستیڤاڵی نێودەوڵەتیی شانۆ لەهەولێر) دەریدەکات،ژمارە(٣ )دیسەمبەری ٢٠١٧ل٤٢

(٣) ئەریک فرۆم، چارەنووسەکانی مۆدێرنە (کۆمەڵێک تێکستی وەرگێڕاو)، وەگێڕانی: محەمەد حسێن، لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا زنجیرەی (٩٩)چاپی یەکەم، ٢٠٠٧ل٩٦

(٤) بابەک ئەحمەدی، پێکهاتەو ڕاڤەی دەق کتێبی یەکەم، وەرگێڕانی: مەسعوود بابایی، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما –زنجیرەی (٣٦)چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٤ل٣

سەرچاوەکاغەزیە عەرەبیەکان:

(٥)ستانسلاڤسکی، قسطنطین، حیاتی فی الفن ، ترجمة: مؤید حمزه، دار الجور، القاهرة ٢٠٠٦ ص١٠٨.

(٦)(مايكل باين)، قرأة المعرفة (مقدمة عن بارت، فوكو، التوسير)، «دانا سردار»، وزاره الثقافه والاعلام، ٢٠٠١ ص١٦
(٧)فرانک م. هوايتج، المدخل الى الفنون المسرحيه، ترجمه: «كامل يوسف، الدكتور رمزى مصطفى، بدرالديب، درينى الخشبه، محمود السباع «، مراجعه: « حسن محمود، سعيد خطاب «، تقديم: سعيد خطاب، الناشر: دارالمعرفه –القاهره مع مؤسسه فرانكلين للطباعه والنشر –نيويورک ١٩٧٠ص٢٦٧
(٨) سردار محمود– صيغ الاداء التمثيل فی عرض المسرحی الكوردی–رسالة ماجستير غير منشوره، ص٦٩-٧٠

دووەم: سەرچاوە ئەلەکترۆنیەکان:
(٩)http//:www.uobabylon.edu.iq/uobcoleges/lecture.aspx?fid&١٣=lcid٣٦٥٧٤=
٢٠)http//:www.uobabylon.edu.iq/uobcoleges/lecture.aspx?fid&١٣=lcid)٣٦٥٧٤=
١)(١٠)http//:www.uobabylon.edu.iq/uobcoleges/lecture.aspx?fid&١٣=lcid٣٦٥٧٤=
(١١)http//:shanokar.com?/p٥٣٩٧=

## سێهەم: سەرچاوەی زنجیرە وانەکان:
(١٢)سوودم وەرگرتووە لەزنجیرە وانەکانی د.سلمان عطیە، لەزانکۆی بابل.
(١٣)سوودم وەرگرتووە لە گەڵ بەشێک لە زنجیرە وانەکانم،لە پەیمانگای هونەرجوانەکانی (شەهید جەعفەر /کۆیە)و پەیمانگای هونەرجوانەکانی (هەڵەبجە).